کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ۲۰۵ | نیوەی دووهەمی گوڵانی ۱۳۸٤ _ مەی ۲۰۰۵

## "خانەی کارگەر" و "شورائیسلامی‌یەکانی کار" دەبێ هەڵوەشێنەوە

### ئەو کەسانەی کە هێرشیان کردۆتە سەر هەئیەتی دامەزرێنەری سەندیکای کرێکارانی "شیرکەتی واحد" دەبێ سزا بدرێن

لە راستی دا ئێستا ئیتر"بەرگری لە بنەماکانی شووڕای ئیسلامی کار" تەنیا بە چەقۆ کێشی دەکرێت. دوای رسوا بوونی گەورەی خانەی کارگەر و شووڕاکانی ئیسلامی کار لە رێ و رەسمی ئەووەڵی مانگی مەی ئەمساڵ و کەڵك وەرگرتن لە کرێکاران وەکوو ئامرازێك بۆ تەبلیغی هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری، جگە لەمەش چاوەروان نەدەکرا کە بەڕێوە بەرانی ئەم رێکخراوانە بێ‌ئابڕوبوونی خۆیان هەرچی زیاتر بە سەر کرێکاران دا بشکێننەوە و لە رێگای ئەزیەت و ئازاری هەڵسووراوانی کرێکاری قەرەبووی بکەنەوە. ل ٦

## با بە نەچوون بۆ پای سندوقەکانی دەنگدان پەیامی ناشەرعی بوونی رژیمی کۆماری ئیسلامی بە خەڵکی هەموو ناوچەکە و جیهان بگەیێنین.

ئێستا ماوەیەکە کە هەوڵ و کۆششی ئیسلاح خوازان لە کوردستان لە ژێر ناوی "شوڕای هاوئاهەنگی ئیسلاح خوازانی کورد" بو گەرم کردنی بازاری بەناو هەڵبژاردنی نۆهەمین دەورەی سەرۆك کۆماری ئێران کە وا بڕیارە لە رێکەوتی ۲۷(جۆزەردانی) ئەمساڵ بەڕێوەبچی دەستی پێکردووە. ئیسلاح خوازانی کورد بۆ گەیشتن بەو مەبەستە و بە هیوایە کە بتوانن کەش و هەوای سیاسی زاڵ بە سەر کوردستان بۆ هاندانی خەڵك بۆ چوون بۆپای سندوقەکانی دەنگدان بخەنە ژێر کاردانەوەی خۆیان، تا ئێستا چەندین کوبوونەوەیان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە ڕێوە بردووە، ئیسلاح خوازان لەو کوبوونەوانەدا هەوڵیان داوە تا لە روانگەی خۆیانەوە داخوازی‌یەکانی خەڵکی کوردستان تاوتوێ بکەن و بەناو داخوازی‌یەکانی خەڵکی کوردستانیان لە ١٥ خال دا کو کردوتەوە. ئیسلاح خوازانی کورد قەبوول وسەلمانەنی ئەم داخوازی‌یانەی خۆیان لە لایەن کاندیداتۆرەکانی پۆستی سەرۆك کۆماری، وەك پێش مەرجی پشتگیری خۆیان لە کاندیداتۆرەکە دیاری کردووە و بەو پێیە پشتیوانی خۆیان لە کاندیداتۆری "مستەفا مۆعین" راگەیاندووە. بەلاّم چاوخشاندنێك بە سەر ١٥ داخوازییەکەی ئیسلاح خوازانی کورد نیشان دەدا کە هێنانە گۆڕی ئەم تەرحە هەر ئەو پروژە رسوا و شکست خواردوویەیە کە دوای جوزەردانی ١٣٧٦ هەتاوی و هاتنە سەر کار خاتمی لە لایەن ئیسلاح خوازانی حکوومەتی‌یەوە پەیڕەوی لێ دەکرا.

پلاتفورم و داخوازی‌یەکانی ئیسلاح خوازانی کورد بەشیکە لە تەرح و پروژەی ئیسلاح خوازان لە ئاستی سەراسەری‌یە و مەبەستی هێنانە ژێر رکێفی بزوتنەوە کومەلایەتی‌یەکان. ئەوانە کە بناغەی ستراتژی‌یە سیاسی‌یەکەیان لە سەر مانەوەی ئەو رژیمە لە پیناو وەلاّم دانەوە بە پێویستی‌یەکانە سەرمایەداری ئێران دارشتووە، لە هەولی ئەوە دان کە بزوتنەوەی شورشگێرانەی کوردوستان لە ناوەڕۆکی دێموکڕاتیك و رزگاری بەخش و رادیکالی خوی بەتاڵ بکەن، و بیکەن بە پاشکۆی نەخشەکانی خۆیان کە ئەویش ئیسلاحی کۆماری ئیسلامی‌یە. ئەوانە لە هەولی ئەوەدان کە بە دەستەبەر کردنی چەند پۆستی ئیداری و دانی چەند ئیمتیاز لە بواری فەرهەنگی و نەتەوایەتی، خەباتی خەڵکی کوردوستان بۆ گەیشتن بە داخوازی‌یەکانیان بەلاڕێ داببەن. بە پێی پڕۆژەی ئیسلاح خوازانی کورد وابڕیارە "ماڤ هاوولاّتی" لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسی و لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی ئیسلامی دا کە لە ژێر دەسەلاّتی دەوڵەتێکی مەزهەبی، خەڵکی کوردوستان لە ستەمی

## خەباتی مۆعەلیمان بوگەیشتن بە داخوازی یەکانیان لە شارەکانی ئێران درێژەی هەیە

لە ماوەی ١٥رۆژی رابردوودا موعەللیمان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئیران وەکوو باقی چین و تویژەکانی تری کۆمەلگا لە خەبات لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی دا رانەوەستان و چەندجار دەستیان دایە مانگرتن و خۆپیشاندان.

لە رۆژی ١٢ی گولان دا نزیکەی ٢هەزار کەس لە موعەللیمانی ژن و پیاو لە شارستانی دیزفول ویرای خوپیشاندان لە بەردەم ئیدارەی فیر کردن و بارهینان رژیم لەم شارە خوازیاری دانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراوی خۆیان بوون. ل ٥



## دەقی قسەکانی مەحموودی ساڵحی لە رێ و رەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە ساڵۆنی کاوەی شاری سەقز

سنوور نامگرێ لە سەر ئەم ئەرزە
سەرمایەداری دێنمە لەرزە

بەشدار بووان و ئامادە بووانی ئازیز، وێڕای سلاّو لە یەکە یەکەی ئێوە

رۆژی ئەوەڵی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار لە ئێوە کرێکارانی ئازیز و بنەمالە بەرێزە کانتان پیرۆزبایی دەکەم. من ئەمڕۆ بەختەوەرم کە لە نێو ئێوە ئازیزان دام و هیوادارم هەموو کاتێك سەربەرز و سەر کەوتووبن. ل ٣

## چەند دیمەنێك لە خەباتی کرێکاران لە ئاستی جیهان دا

رۆژی ١١ی گولاّن نزیکەی ٣هەزار کرێکاری ژن کە بەکرێکارانی "تایبەت" ناسراون خوپیشاندانێکیان لە شاری "کەڵکەتە"ی هێند وەڕێ خست. ل ٤



## تەحەسونی خۆیندکارانی زانکۆی ئازادی سنە لە دژی ئاپارتایدی جنسی

رۆژی چوارشەممە ٢١ی گولاّن خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە لە نارەزایەتی بە گەلاّلەی جیاکردنەوەی کچان و کوڕان و هەروەها زۆرەملی بوونی چارشێو لەم زانکۆیە دەستیان داوەتە تەحەسون.خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە ئەم گەلاّلەیان وەکو ئاپاڕتایدی جنسی ناوبردووە و لە ناڕەزایەتی بەم کردوەیەی بەرپرسانی زانکۆ زیاتر لە ١هەزار کەس لە خوێندکارانی ئەم زانکۆیە لەم تەحەسونە دا بەشدارییان کردووە. دوابەدوای تەحەسونی چەندسەعاتەی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە بەرپرسی ئەم زانکۆیە ناچار بووە لەوبڕیارە پاشەکشە بکات و دواکارییەکانی خوێندکاران قەبووڵ بکات.



## وەڵام بە چەند پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵس و کەوتی هەڵسووڕاوانی کرێکاری شاری سەقز لە ئەووەڵی مانگی مەی ئەمساڵ

ل ٢

## کوژران و بریندار بوونی ٢٩کەس بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچە سنوری یەکانی ئێران و عیراق

ل ٥



## رێزگرتن لە ١٧هەمین ساڵیادی گیانبە ختکردووانی کۆمەڵە لە بۆتێ لەسەر گڵکۆی ئەو هاوڕێیانە

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٥ی گولاّن، ٨٤ سەعات ١٠ی بەیانی بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ١٧ساڵ بەسەر گیانبە ختکردنی هاوڕێیانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دۆڵی بۆتێ لە باکووری کوردستانی عێراق کە بە هۆی بومبارانی شیمیایی فڕۆکەکانی دەوڵەتی فاشیستی بەعس گیانیان بەخت کرد، رێ ورەسمێك بە بەشداری چەند پەلێك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەسەر گڵکۆی ئەو ئازیزانە لە دۆڵی بۆتێ بەڕێوە چوو.

سەرەتا هاوڕێیانی پێشمەرگە بە نەزمێکی تایبەتیەوە و بە دانانی ٢٣ ئالاّی سوور لە سەر گلکۆی ئەو هاوڕێیانە لە سەر گڵکۆی ئەو خوشەویستانە کۆبوونەوە. رێ و رەسمەکە بە سرودی ئەنتێرناسیۆناڵ سرودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار دەستی پێ کرد. ل ٣

نەتەوایەتی رزگار بکات. ئەمڕۆ لە هەل و مەرجێك دا کە بۆرژوازی کورد هیوا وهومێدیان بە حیزبی ناسیۆنالیستی سوننەتی بۆ نزیك بوونەوە لە دەسەلاتی سیاسییان لە دەست داوە، پڕۆژەی ئیسلاح خوازانی کورد لە باشترین حاڵەت دا پڕۆژەیەکە بۆ بەشداری دانی بورژوازی کورد لە دەسەلاتی سیاسی ناوچەکە و لە ئاستی سەراسەریش دا بۆئەوەیەکە تا لەوریگایەوە بەشێکی زیاتر لە چەوساندنەوەی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش وەدەست بێنێ.

روون وئاشکرایە کە ستەمی نەتەوایەتی کە بنەماکانی لە سەر پێکهاتەی ئابووری، کومەڵایەتی و فەرهەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای ئێران دامەزراوە، بەم پڕۆژانە کۆتایی پێ نایەت.

ئەمڕۆ لە هەل ومەرجێك دا ئیسلاح خوازانی کوردستان بۆ گەرم کردنی بازاری نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران هەوڵ دەدەن کە مێژوی ئەورەوتە لە فریودان و چەواشەکاری و بەلاڕێ دا بردنی جەماوەری خەڵکی کوردستان کۆتایی پێ هاتووە. ئیتر رەوتی ئیسلاح خوازی لە کوردستان لە هیچ رێگەیەکەوە ناتوانێ جەماوەری خەڵکی کوردوستان کە ئەم رەوتەیان لە ژیانی زیندووی کۆمەڵایەتی خۆیان دا تەجرەبە و تاقی کردۆتەوە، بەرەولای خۆی رابکێشێ، ئەم مێژووە ئیتر بۆ رەوتی ئیسلاح خواز و بۆ رژیمی جمهوری ئیسلامی دووپات نابێتەوە.

تەجرەبەی هەڵبژاردنی شووڕا ئیسلامییەکانی شار و دێ، و مەجلیسی حەوتەم ئەو راستییەی بە باشی نیشان دا کە هیچ تەرح وپلانێك ناتوانێ خەڵکی کوردوستان بێنێتەوە پای سندوقەکانی دەنگدان.

پڕۆژە و پڕوپاگەندەی ئەم دواییانەی ئیسلاح خوازانی کوردوستان لە سەر مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بێجگەلە بازار گەرمی‌یەکی کەم مایە بۆ هەلبژاردن واوەترنیە و ئەگەر شەش حەوت سال لەوە پێش کارێکی لە دەست نەهات ونەیتوانی بە ئامانجەکانی دیاری کراوی خۆی لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کوردوستان بگات، ئێستا لەوەش لاوازترو رسواترە.

کۆماری ئیسلامی، بە هەموو باڵەکانیەوە بۆخۆشی ئەوە بە باشی دەزانێ کە نە لە کوردوستان و نە تەنانەت لە سەرانسەری ئێرانیش بە هیچ پروپاگەندەیەك ناتوانێ جەماوەرێکی زۆر بێنێتە پێی سندوقەکانی دەنگدان و لەو بارەیەوە هیچ تەوەهومێکی نییە. ستراتیژی ئەوان بۆ هەڵبژاردن و بە گشتی بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر بناغەی پشت بەستن بە کەمایەتی‌یەکی هەڵسووڕاو بۆ حکومەت کردن بە سەر زۆرینەیەکی بێدەنگدا، داڕێژراوە، بەو پێیە ئەوەی کە ئەوان بۆ رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری پێویستی‌یانە ئەوەیەکە بەشی ئەوەندە لە جەماوەر کە بیخەنە بەر دووربینەکانی تەلەویزیون وباقی دەزگاکانی تری راگەیاندن بێننە دەور وبەری بنکەکانی هەڵبژاردن ونمایشیان بدەن و دواجاریش دەزانن کە دەبێ چ رێژەیەك لە دەنگ دان لە سندوقەکان دەربکێشن.

لە وڵاتیك دا کە تەنانەت بە پیوانەی خوارەوەترین ئێستانداردەکانیش ناتوانین لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکڕاتیك قسەبکەین، لە ولاتێك دا کە لە ئازادی هەڵسووران و چالاکی حیزبە سیاسییەکان هیچ خەبەرێك نییە و بنکە و ناوەندە مەدنی و کومەڵایەتی‌یەکان هیچ دەورو نەقشێك نابینن و تەواوی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکە تا سندوقەکانی دەنگدان بەتەواوی لە کونتڕۆلی رژیم دایە، لە وڵاتێك کە ئەم چەشنە شانوگەرییانە بەناوی هەڵبژاردنەوە بەڕێوە دەچێ، تەقەلوب و جەعل و دەغەلکاری کارێکی زۆر ئاساییە. ئەمڕۆ ئیتر ئەوراستییە دەبێ بۆ هەمووان دەر کەوتبێ کە ئەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە ویست و داخوازی‌یەکانی خۆیان بە گشتی و لە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی زۆر نزیك دەکاتەوە، هیوا بە ستن بە وادە و بەڵێنی و پڕۆپاگەندەی ئیسلاح خوازان و چوونە پای سندوقەکانی دەنگ دان نییە، بەڵکوو لەوەدایە کە یەکدەنگ ویەکپارچە ئەم شانوگەرییەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری تەحریم بکەن و بەشیوەیەکی بەرچاو ئەو پەیامە بە خەڵکی ئێران و خەڵکی هەموو ناوچەکە و جیهان بگەیێنن کە دەستی رژیمی ئیسلامی‌یان خوێندۆتەوە وئامادە نین کە بە هیچ بیانویەك هیچ شەرعییەتێك بەو رژیمە بدەن.

***

# وەڵام بە چەند پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵس و کەوتی هەڵسووڕاوانی کرێکاری شاری سەقز لە ئەووەڵی مانگی مەی ئەمساڵ

بە دوای بەڕێوەچوونی رێ ورەسمەکانی ئەووەڵی مانگی مەی لە زۆربەی شارەکانی ئێران ولەوانە لە شاری سەقز، لە لایەن ژمارەیەك لە هاورێیانی کۆمەڵە لە شاری بۆکان ئەو پرسیارە هاتوتەگۆرێ کە ئایا لە هەل و مەرجی ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری ئێران دا، بە دوادا چوون بۆ وەرگرتنی ئیجازەی رەسمی بۆ بەڕێوە بردنی رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی و بەشداری هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز لە مەراسمی فەرمایشی و کارتۆنی رژیم کە تێیدا فەرماندار و مۆرەکانی بەدناوی رژیمی کۆماری ئیسلامی تێیدا بەشدار بوون، و بڵاو کردنەوەی هەواڵی ئەو رێورەسمە لە لایەن کۆمەڵەوە، دەستکەوتەکانی تا ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری و هەروەها هەول وکوششی ئەوان بۆ پێکهێنانی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری ناهێنێتە ژێر پرسیار؟ ئایا بەشداری هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە رێ ورەسمە فەرمایشی‌یەکانی رژیم، بەو رێورەسمانە مەشروعییەت نادات؟ و ئایا بانگەوازکانی کۆمەڵە بۆ بەرپا کردنی رێ ورەسمی سەر بە خۆی کرێکاری و تەحریمی مەڕاسمە دەوڵەتی‌یەکان لەگەڵ هەڵویست و کردەوەی هەڵسووراوانی کرێکاری لە شاری سەقز بەشداری‌یان لە مەراسمی رۆژی کرێکار لە ساڵونی کاوە وبلاّو کردنەوەی هەواڵی ئەو مەراسمانە لە رادیو کۆمەڵەوە ناکۆکی و دژایەتییان پێکەوە نییە؟

بۆ وەلاّم دانەوە بەو پرسیارانە سەرەتا پێویستە چاویك بە سەر ئەو هەل ومەرجەی کە رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی شاری سەقز تێیدا بەڕێوە چووە، بخشێنین و دواتریش بزانین کە ئایا فەعالین و هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز، هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی درووسیتان لەو تەرازوی هێزەی کە ئەو ئاکسیۆنە تایبەتی و دیاری کراوەیان تیّدا بەڕێوە بردووە هەبووە؟

بە پێی راپۆرتەکان، شاری سەقز چەند رۆژ پێش لە رۆژی جیهانی کرێکار کەش و هەوایەکی تایبەتی بە خۆوە دەگری، زۆر کەس هەست بەوە دەکا کە هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە تەداروکی بەڕێوە بردنی رێ ورەسمی رۆژی جیهانی کرێکاران، بانگەوازەکانی ئەووەڵی مانگی مەی بلاو دەکریتەوە و درووشمەکانی یەکی مەی لە چوارریکانی شاردا هەڵدەواسرین، ماڵ و شوێنی کاری هەڵسووڕاوانی کرێکاری ناسراوی شار دەبێتە شوێنی هات وچۆی خەڵك، مەئمورەکانی نهێنی و ئاشکرای رژیم لە هەموو شوێنێك بە ئامادەگی و ترس ونیگەرانییەوە بارودۆخەکە دەگرنە ژێر چاوەدیری خۆیان. لە ئاوا هەل ومەرجەێك دا لە کوبوونەوەیەك کە لە فەرمانداری بە بەشداری فەرماندار، شارەدار و نوێنەری شووڕا ئیسلامی‌یەکانی کار پێك دێت لە "مەحموودی سالحی" وەك رابەریکی کرێکاری داوا دەکەن کە لە رێ ورەسمیك دا کە لە ساڵونی "کاوە" بەڕێوە دەچێت بەشداری بکات و بەڵێنی پێ دەدەن کە ئەو دەتوانی لە ئازادی تەواودا و بێ هیچ کۆسپ و لەمپەرێك قسەکانی بکات و بەرپرسانی شار تەنیا پیروزبایی رۆژی کرێکار بکەن و باقی رێ ورەسمەکە لە دەستی کرێکاران دا بێت.

"مەحموودی ساڵحی" زۆر بەجێگا و بەدروست نەتیجەی وت و وێژ و پێشنیاری کاربەدەستانی رژیم دەباتەوە بۆ ناو کۆبوونەوەی هەڵسووراوانی کرێکاری شاری سەقز تا لەو کوبونەوەدا بریاری کۆتایی لە سەر بەرێ.

لە ناو کوبونەوە کەدا دوای هەڵسەنگاندنی لاینە جۆراوجۆرەکانی داواکارییەکەی فەرماندار، بە پێی گوزارشەکان زیاتر لە ٩٠لە سەدی هەڵسووراوانی کرێکاری ئەم پیشنیارەی فەرماندار وەکوو پاشەکشەیەکی رژیم لە بە حیساب دێینن و بەریوە چوونی رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی و خویندنەوەی وتاری ئازادانە لە شوێنێك کە ئەمنییەتی دابین کراوە، بە قازانج دەزانن و بریار دەدەن بە بەشداری خۆیان لە رێورەسمی ساڵۆنی "کاوە" ئەو رێ ورەسمە بخەنە ژێر کاریگەری و کۆنتڕۆلی خۆیان. هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە هەمان حال دا بیر لە جێگا و شوێنێکی تایبەتیش دەکەنەوە کە ئەگەر هات و فێڵ و تەڵەکەیەك لە کار دابوو، بتوانن رێ ورەسمی سەر بەخۆی خۆیان بەریوە بەرن.

ئیستا دوای ئەم چاو خشاندنە بە سەر هەل و مەرجەکەدا خاڵێ سەرەکی و گرینگ لە لیك دانەوەی ئەم حەرەکەت و ئاکسیۆنە ئەوەیە کە هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز تی‌گەیشتن و هەڵسەنگاندنیکی دروستیان لە وەزعەکە و هاوسەنگی هیزەکان بووە. هەڵسووراوانی کرێکاری لە شاری سەقز بە بێ دۆزینەوەی وەڵامی واقیع بینانە بە کۆمەڵێك پرسیاری وەك ئەوە کە:

چ هێزێکیان بۆ بەریوە بردنی رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە دەوری یەك کۆ کردوتەوە و تا چ ئەندازەیەك حیسابی لە سەر دەکرێ؟

وەزعییەتی گشتی رژیم چۆنیەتی و شێوەی رەفتاری عەمەلی فەرماندار و باقی کاربەدەستانی رژیم لە شاری سەقز لە بەرانبەر داخوازی کرێکاران لەمەر بەڕێوە بردنی رێورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی چون هەڵدەسەنگینن؟ وە کۆمەڵێك پرسیاری تری لەم چەشنە، نەیاندەتوانی رێ ورەسمەکە ئەم جۆرەی کە دەبێ بەڕێوەی ببەن.

بە هەڵسەنگاندنی دروستی وەرزعییەتەکە و هاوسەنگی هێزەکان بوو کە هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز توانیان شکڵی موناسبی بەڕێوە بردنی رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی دیاری کەن، لە جەریانی مەڕاسمەکەدا لە زمانی یەکێك لە رابەرانی خویانەوە لە زمانی "مەحموودی ساڵحی"وە دەنگی ئیعترازی خۆیان لە دژی سەرمایەداری بە گوێی هاوچارەنوسانیان بگەیێنن و نۆرەی نوکەرانی سەرمایەی پی داپۆشن و بەم جۆرە بە مانۆڕ وئێنعتاق دروست و بەجێ تاکۆتایی حەرەکەتەکە یەکگرتوویی کرێکاران رابگرن. هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز لە سەنگ و سووکی واقعی نێوان هێزەکان تەنیا لە رووی هەڵسەنگاندنی ئەو هەل ومەرجەی کە لەو چەند رۆژە دا لە شاری سەقز پێکهاتبوو حیسابیان نەکرد ئەوان لە هەلسەنگاندنی هەل ومەرجەکە، یەك ساڵ کێشمە کیشی خۆیان لەگەڵ دام ودەزگای قەزایی رژیم کە تی‌دا لموزی ئیدارەی ئیتلاعات و قووەی قەزایی رژیمیان لە خۆڵ وەردا وەك فاکتۆرێکی گرینگ بە حیساب هینا، ئەوان پشتیوانی خەڵکی شاری سەقز، هاوپشتی بزوتنەوەی کرێکاری لە ئاستی سەراسەری ئێران و لە ئاستی جیهانیان لە بەرچاوگرت. هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز بە لەبەر چاو گرتنی هەموو ئەو فاکتەرانە بوو کە لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیان هاتنە سەر ئەو قەناعەتە کە فەرماندار و کاربەدەستانی رژیم لە بەرانبەر هێزی خەباتی کرێکاران دا لە حالی پاشە کیشەن. هەر بویە پی‌یان وابوو دەتوانن بە کردەوە رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە ساڵۆنی "کاوە" بخەنە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیان.

بە کورتی بڵێین هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە سەقز لە هەلسەنگاندنە کانیان دا نەك تەنیا تەرازوی هیزی لە محەل بەلکوو زۆر هۆکاری سەراسەری لە ئاستی ئێران و تەنانەت لە ئاستی جیهانیان لە بەر چاو گرت.

کاردانەوەی ئەو مەراسمە لە شاری سەقز و تەنانەت لە شارەکانی تری کوردوستانیش تا رادەیەکی زۆر دروستی بریاری هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە سەقز نیشان دەدا.

پاشەکشەی فەرماندار و باقی کاربەدەستانی رژیم سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوە چوونی رێورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی و بریاری هەڵسووراوانی کرێکاری بۆ بەشداری کردن لەو رێ ورەسمە دا و کەش وهەوایەك کە بەسەر رێ ورەسمەکەدا باڵی کێشابوو، نە تەنیا بە مانای مەشروعییەت دان بە رێ ورەسمە فەرمایشی‌یەکانی رژیم نییە بەڵکوو دەتوانێ هەنگاویەك لە جەهەت پاشەکشە پێ کردنی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاست داخوازی کرێکاران دابێت.

دووهەمین پرسیار ئەوەیەکە ئایا سیاسەت و بانگەوازی کۆمەڵە بۆ بەرپا کردنی رێ ورەسمی سەر بە خۆی کرێکاری و تەحریمی مەڕاسمە دەوڵەتی‌یەکان لەگەڵ هەڵوێست و کردەوەی هەڵسوراوانی کرێکاری لە شاری سەقز و بەشدار کردنیان لە مەراسمی ساڵونی "کاوە" و بلاو کردنەوەی هەوالی ئەو مەڕاسمانە لە رادیو و بلاو کراوەکانی کۆمەڵە، ناکۆکی و دژایەتی‌یەك دەرناخات؟

لە وەڵام بەو پرسیارە دەبێ بڵێین کە کۆمەڵە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌یەوە تا ئێستا لەسەر تەحریمی مەراسمە دەوڵەتی‌یەکان و مافی کرێکاران لەمەر بەرپا کردنی رێ ورەسمی سەربەخۆی خۆیان لە ئەووەڵی مانگی مەی پێداگری کردووە و تا ودی هاتنی ئەو مافە جیهانییەی کرێکاران پێداگری لە سەر دەکات.

راستی‌یەکی عەینی و حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە چینی کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا لە کێشمەکێشێکی بەردەوام و هەمیشەیی لەگەڵ سەرمایەداران و دەولەتەکانیان دایە ئەم کێشمەکێش و خەباتە هەموو رۆژە و ئاشکراو نائاشکرایە هەمیشە بەشیك لە ژیانی کرێکاران لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا بووە. ئەم خەباتە بو کرێکاران حەیاتی‌یە و تەعتیل بوون هەڵناگری. خەبات لە پێناو وەدی هێنانی مافی کرێکاران لەمەر بەرپاکردنی رێ ورەسمی سەربەخۆی کرێکاران لە ئەووەڵی مانگی مەی‌دا خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەرە. رژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە دژی ئەووەڵی مانگی مەی رۆژی جیهانی کرێکار بووە. بەلاّم خەباتی کرێکاران هەنگاو بەهەنگاو رژیمی وادار بە پاشە کشە کردوە. رژیمی ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە هیچ رۆژێکی وەك رۆژی کرێکار بەرەسمییەت نەدەناسی. بەلاّم دوای ئێعتراز و خەباتێکی رەوای کرێکاران هەولی دا تا رۆژێك جگە لە رۆژی ١١ گوڵان وەك رۆژی کرێکار دیاری بکا. کرێکاران بەوەش رازی نەبوون و نەتەنیا ئەو رژیمەیان ناچار کرد کە نەتەنیا رۆژی ١١ گوڵان وەك رۆژی کرێکار بە رەسمییەت بناسێ بەلکوو ئەو روژش تەعتیل بکات. و ئێستاش خەباتی کرێکاران لە دژی جمهوری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافی بەریوەبردنی رێ ورەسمی سەر بەخۆی کرێکاران لە رۆژی ئەووەڵی مانگی مەی تا بەدەست هێنانی ئەو مافە جیهانی‌یە درێژەی هەیە. لە ئاوا هەل ومەرجێك دا، کاتێك کە کۆمەڵە بانگەواز بۆ تەحریمی مەراسمی فەرمایشی رژیم و بەرپاکردنی رێ ورەسمی سەربەخۆ لە ئەووەڵی مانگی مەی دەکات، هیچ گومانێك لەوە دانییە کە ئەم بەشە لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری کە لەوانەیە لە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دابن، هەر لە راستای ئەم سیاسەتەدا هەنگاو هەڵگرن. بەلاّم هەنگاو هەڵگرتن لە پێناو بەریوەبردنی ئەم سیاسەت و بانگەوازە بە مانای ئەوە نییە کە هەڵسووراوانی کریکاری لە محەل دەست و بالی خۆیان لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی وەزعەکە و هاوسەنگی هیزەکان ببەستنەوە و بە بێ لە بەرچاو گرتنی توانایی‌یەکانی واقیعی و زەرفییەتی خەباتی کرێکاران سیاسەت و هەڵوێستی عەمەلی رەچاو کەن کە لە دونیای واقیع دا هیچ دەسکەوتیکی بیجگە لە پرژوبلاو کردن و لێکدابڕانی جەماوەری کرێکار لەو حەرەکەتە دیاریکراوە دا نەبێ.

هەر بەو هویانەش کە باسمان لێوە کردن، ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەنین کە هەڵوێست و کردەوەی هەڵسووڕاوانی کرێکاری لە شاری سەقز، و بلاوکردنەوەی هەوالەکانی سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە شاری سەقز لە لایەن کۆمەڵەوە هیچ ناتەبایی‌یەکی لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێست و بانگەوازەکانی کۆمەڵە هەیە.

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٢٠٥ | نیوەی دووهەمی گوڵان ١٣٨٤ _ مەی ٢٠٠٥

پێشڕەو

# ڕێزگرتن لە ١٧هەمین ساڵیادی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە لە بۆتێ لەسەر گلکۆی ئەو هاوڕێیانە

رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی گوڵان، ٨٤ سەعات ١٠ی بەیانی بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ١٧ساڵ بەسەر گیانبەختکردنی هاوڕێیانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە دۆڵی بۆتێ لە باکووری کوردستانی عێراق کە بە هۆی بومبارانی شیمیایی فڕۆکەکانی دەوڵەتی فاشیستی بەعس گیانیان بەخت کرد، ڕێ ورەسمێك بە بەشداری چەند پەلێك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەسەر گڵکۆی ئەو ئازیزانە لە دۆڵی بۆتێ بەڕێوە چوو.

سەرەتا هاوڕێیانی پێشمەرگە بە نەزمێکی تایبەتیەوە و بە دانانی ٢٣ ئاڵای سوور لە سەر گلکۆی ئەو هاوڕێیانە لە سەر گڵکۆی ئەو خوشەویستانە کۆبوونەوە. ڕێ و ڕەسمەکە بە سرودی ئەنتێرناسیۆناڵ سرودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار دەستی پێ کرد. پاشان بۆ ریزگرتن لە یادی ئازیز و هەمیشە زیندووی گیانبەختکردووانی کۆمەڵە لە بۆتێ و سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕێبازی ئازادی و سۆسیالیسم دەقیقەیەك بێدەنگی ڕاگیرا. بێ دەنگییکەکە بە خوێندنەوەی پارچە شێعرێك لە لایەن بەڕێوە بەری ڕێ ورسمەکە شکا و دواتر هاوڕێ عوسمانی رەمەزانی یەکێك لە کادر و تێکوشەرانی لە مێژینە و سیمای ناسراوی ڕێزەکانی کۆمەڵە لە یادی ١٧ساڵەی گیانبەختکردنی ئەو هاوڕێیانە وتارێکی پێشکەش کرد.

لە درێژەی ڕێ ورەسمەکەدا بەڕێوەبەری ڕێ ورەسمەکە شێعری "ئێوارەیەك لە مێژووم دا" لە شێعرەکانی شاعیری شوڕشگێر "ئەحمەد بازگر"ی کە لە یادی ئەو ئازیزانەدا وتویەتی خوێندەوە.

لە درێژەی ئەو ڕێ ورەسمەدا هاوڕێیانی پێشمەرگە لە دۆڵی بۆتێ هەڵکشان و سەردانی شوێنی گیان بەخت کردنی یەکەیەکەی ئەم هاوڕێیانەیان کرد و لە بەرانبەر ئاسۆی حەماسە و فیداکاری و گیانبەخت کردنیان سەری ڕێز و وەفاداری یان دانەواند. ئەم ڕێ و ڕەسمە ساعەت ١٢ی نیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.

نێوی ئەم گیانبەختکردووانە بەمجۆرەیە:

١)ئیسماعیل موستەفازادە ٢)ئەحمەد محەممەدی ٣)بایزید بەیاز ٤)پەرویز تاجوانچی ٥ )حوسین سیگاری ٦) سەعید محەممەدی٧)جەلال پینجوینی ٨)فریشتە ڕەزایی(زهرە) ٩) عەبدوللا هوشیاریان ١٠) عەلی حەسەن محەممەدی(توهمەورس) ١١)فەرەنگیس شاهۆیی ١٢) کەریم عەبدوڵلاپوور ١٣) کەریم جەنەتی ١٤) مریەم مەجنون(سەعادەت) ١٥)کەمال ڕەزانژاد ١٦)کەیومەرس موهاجر (جەبار) ١٧)مەنوچهر مەحمودیان (مورتەزا) ١٨) محەممد ڕەسولی خۆش سفەت ١٩) محەممەد عومەر عەلی ٢٠)نادر قازی زادە ٢١) ناسح مەردوخ ٢٢)وەفا توتونچی ٢٣) حامد مودەرسی

ئەوەی کە دەخوێنینەوە کورتەیەك لە قسەکانی هاوڕێ عوسمانی ڕەمەزانی لەو ڕێورەسمەدایە:

هاوڕێیان!

ئەمڕۆ ئێمە بو ڕێزگرتن لە یادی ٢٣ تێکوشەری ناو ڕێزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر گڵکۆی ئەو هاوڕێ ئازیزانە کۆبووینەوە.

ئەم خوشەویستانە پۆلێك لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی کوردوستان و ئێران و سیمای ناسراو و ئازیزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بوون کە لە دژی نیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، لە دژی شەڕ وکوشتار و بێ ماف ئینسان راپەڕیبوون و گیانیان لە پێناوی ئامانجی بەرزیاندا بەخت کرد. ئازیزانێك کە ئەستێرەی گەشی ڕێگای سەرکەوتنمانن و یادیان قەت لە بیر ناچی. یادیان هەر بەرز و بەریزە. گیانبەخت کردوانی کۆمەڵە لە دۆڵی بۆتێ ڕەمزی هاوچارەنووسی چەوساوەکان وستەم لێکراوانن.

دانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی گوڵانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی مقەرە ناوەندییەکانی کۆمەڵە هەڵکەوتوو لە دۆلی بۆتی لە ٢٠کیلۆمیتری باشووری شاری ڕانییە لە کوردستانی عیراق، کەوتنە بەر هێرشی شیمیایی فڕۆکە شەڕکەرەانی عێراق.

لەم هیرشە جەنایەتکارانەیەدا ٢٣کەس لە ئەندامان و کادرەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران گیانیان لە دەست دا و نزیکەی ١٥٠کەسیش مەسموم بوون.

ئەمە یەکەم جار نەبوو کە بنکەکانی هیزی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق دەکەوتە بە هێرشی ئاسمانی و توپخانەی ئەڕتەشی عێراق. بەر لەوەش چەند جار مەقەرەکانی ناوەندی کۆمەڵە لە ناوچەی "مالومە" لە کوردستانی عێراق و بنکەکانی کۆمەڵە هەر لەم بۆتێیەش دا هێرشیان کرابووە سەر. ئەو جێگایانە سەر بە ناوچەیەك بوون کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق دا نەبوون و هیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی دیکەی نەیاری ڕژیمی عێراق تێیدا جێگیر بوون.

ڕژیمی عێراق بە خستنە ژێر گوشاری هێزەکانی ئێمە لەم ناوچانەدا دەیهەویست کۆمەڵە ناچار بکات کە مەقەرەکانی هێزی پێشمەرگەی خۆی لە ناوچە ئازاد کراوەکان بگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەڕتەشی عێراق. بوونی مەقەڕەکانی کۆمەڵە لەو ناوچانەدا بە کردەوە ئێمەی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی عێراق و ئەو هێزانەی کە لە دژی ڕژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئەم وڵاتەدا لە حاڵی شەڕدا بوون، هاوچارەنووس کردبوو. ئەو زیانانەی لەم دەورەیەدا لە هێزەکانی ئێمە درا، لە ڕاستی دا بەشێك بوون لەو ئازار و نەهامەتییانەی کە خەڵکی کوردوستانی عێراق، ڕۆژانە لەگەڵی دا دەست وپەنجەی نەرم دەکرد.

خەڵکی شاری ڕانیە هەر بە بیستنی هەواڵی بومبارانی شیمیایی ئۆردوگای بۆتێ، بەهەزاران کەسیان بۆ یارمەتی گەیاندن بە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە ئامادە بوون و بەهەر ئیمکانێك کە لە دەسرەسیان دا بوو، بۆ یارمەتی گەیاندەن بە کارەسات لێدراوەکانی ئەم ڕووداوە کەڵکیان وەرگرت. هاوپشتی پڕاوپڕی خەڵکی کوردستانی عێراق و خەڵکی ئەم ناوچەیە لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەم ڕۆژەدا، بیرەوەرییەکە کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە.

ئەمڕۆ، گڵکوی ئەم دەستەیە لە ژنان و پیاوانی شوڕشگێڕی ناو ریزەکانی کۆمەڵە، لە شوێنی گیانبەخت کردنیان، بۆتە شوێنێك بۆ زیندوو کردنەوەی بیرەوەرییەکانی ئازیزانی لە دەست چوومان و پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ ئارمان و ئامانجی ڕاستەقینەی خۆشەویستەکانمان و ئەم خۆشەویستانە لە سیما هەرە ناسراو و خۆشەویستەکانی ناو ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون، کە هیچ چەشنە ماندوو بوونێکیان لە خۆیان نیشان نەداوە، بەلاڕێدا نەچوون و تا ئاخرین ساتەکانی ژینیان ڕێبواری نەسرەوتووی ڕێگای ڕزگاری چەوساوەکان بوون، لە نێو ئەو خۆشەویستانەدا، هاوڕێیانێك بەرچاو دەکەوتن کە لە شارە جۆراو جۆرەکانی ئێرانەوە هاتبوون و لە ژێر ئالای سووری کۆمەڵە و شوڕشی چەوساواندا، خەریکی خەبات و چالاکی بوون.هەروەها کەسانێکیش بەڕچاو دەکەوتن کە لە هەڵسوراوانی کۆمونیستی کوردستانی عێراق بوون و لە دەوری ئالا سوورەکەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیستی ئێران کۆببوونەوە.

یاد و بیرەوەرییەکانی ئەم خۆشەویستانە، هەتا دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر، بەرز و پیرۆزە وریگاکەیان لەلایەن شوڕشگێڕانی ناو ریزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران درێژەی دەبێ و ئەو ئالایەی کە ئەوان تا کاتی گیانبەخت کردنیان دەیانشەکاندەوە هەروابە شەکاوەیی دەمێنێتەوە.

***

# دەقی قسەکانی مەحموودی ساڵحی لە ڕێ و ڕەسمی ئەووەڵی مانگی مەی لە ساڵۆنی کاوەی شاری سەقز

سنوور نامگرێ لە سەر ئەم ئەرزە
سەرمایەداری دێنمە لەرزە

بەشدار بووان و ئامادە بووانی ئازیز، وێڕای سڵاو لە یەکە یەکەی ئێوە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکار لە ئێوە کرێکارانی ئازیز و بنەماڵە بەرێزە کانتان پیرۆزبایی دەکەم. من ئەمڕۆ بەختەوەرم کە لە نێو ئێوە ئازیزان دام و هیوادارم هەموو کاتێك سەربەرز و سەر کەوتووبن.

ئازیزان ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆبوینەتەوە هەتا یاد و بیرەوەریەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکار ڕێز لێ بگرین و ئەو کەسانەی کە وتاریان خوێندەوە هەر کامەیان قسە و باسێکیان کردو و قسەکانی هەموویان ئەوە بوو کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بێ عەدالەتی و نابەرابەری تا ڕادەیەك کە ناکرێت بیهێنینە سەر زمان، بەڵام هیچ کامەیان ڕیگا چارەی لە ناوبردنی ئەم هەموو نابەرابەری و بێ عەدالەتییانەیان بۆ کرێکاران پێشنیار نەکرد. من ئەمەوێت ئەمڕۆ کە ڕۆژی جیهانی کرێکارە بە چەند مەسەلە ئاماژە بکەم.

١_ مێژووی ڕۆژی جیهانی کرێکار

٢_ سەبارەت بە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری

بەشدار بووانی ئازیز من وێڕای رخنەگرتن لە بەرێوەبەری ڕێ ورەسم و رخنەگرتن لە گروپی شانوی تەنز، سەرنجی ئەو گروپە و ئامادە بووانی بەرێز بۆ چەند مەسەلە ڕادەکێشم. سەرەتا بەو جۆرەی کە لە تەنزەکەدا هاتبوو، کرێکار گێل نییە، بەڵکوو بەرهەم هێنەری هەموو نێعمەتەکانی ئەم دونیایەیە. دواتر ئێمە بە هیچ کەسێك ئیجازە نادەین کرێکار بە چاوێکی سوکەوە چاو لێ بکات.

کرێکاران!

ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆبوینەتەوە هەتا لە بەرانبەر نیزامی سەرمایەداری دا شەڕ رابگەێنین ئێمە ئەمڕۆ لێرە کۆ بوینەتەوە هەتا رابگەێنین، ئەمڕۆ تەواوی سنوورەکانی دەستکردی سەرمایەداری دەشکێنین و ڕادەگەیێنین کە ئێمە کرێکاران جیا لە ڕەنگی پێست، نەتەوە و مەزهەب و ... بە یەکگرتوویی دەچینە شەڕی نیزامی سەرمایەدارییەوە و ئەمڕۆ جیهان لە دوو بەرە پێك دێت. لە لایەکەوە سەرمایەداران کە کەمینەیەك لە کۆمەڵگاپێك دێنن و لە لایەکی ترەوە کرێکاران کە زۆرینەی کۆمەڵگان.

کرێکارانی ئامریکا لە شاری شیکاگو ١١٩ساڵ لەمەو پێش بۆ کۆتایی هێنان بە ١٦سەعات کاری تاقەت پروکێن هاتنە سەر شەقامەکان. خۆپیشاندانی کرێکارانی نارازی کەوتە بەر هێرشی هێزەکانی ئامریکا و دەیان کەسیان کوژران و برینداریان دەستگیر کران. دوابەدوای ئەم هێرشە دەوڵەتی جەنایەتکاری ئامریکا لە دادگایەکی فەرمایشی دا ٤کەس لە ڕێبەرانی ئەم نارەزایەتی یە کرێکاری یەیان دادگایی و بە ئێعدام مەحکوم کرد.

٣ساڵ دواتر لە ئەنتێر ناسیۆناڵی دووهەم دا لە سەر پێشنیاری ریبەرانی کرێکاری، ئەوەڵی مانگی مەی یان بۆ یاد و بیرەوەری گیان بەخت کردووانی ساڵی ١٨٨٦ی زایینی بە ناوی ڕۆژی جیهانی کرێکار پەسەند کرد. بە دوای ئەم پەسەند کردنە کرێکارانی تەواوی جیهان لەم ڕۆژە مێژوییەدا وێڕای داخستنی تەواوی کارگاکان، ئەم ڕۆژە جێژن دەگرن.

کرێکاران!

ئەمڕۆش ئامریکا لە تەواوی ناوچەکانی دونیا خەریکی داگیر کردنە. دەوڵەتی ئامریکا بۆ ئەوەی پێش بە لەناو چوونی خۆی بگرێت، دەبێت هەرجارێك بە ناوی ئازادی و دیموکراسی هێرش بکاتە سەر وڵاتانی ناوچەی ئێمە.

دوستانی کرێکار!

ئامریکا نەتەنیا بۆ هیچ نەتەوەیەك ئازادی و دیموکراسی ناهێنێت، بەڵکوو کوشتار، هەژاری، برسیەتی و نابەرابەری دێنێت. ئێمە ئەمڕۆ و ێڕای مەحکوم کردنی ئەم لەشکرکێشییە بۆ ناوچەکە، هەرجۆرە شەڕێکی دواکەوتووانە مەحکوم دەکەین. ئەم شەڕانە بە قازانجی ئێمە نییە و ئێمە ئەمڕۆ بە ڕێزی هەڵسوراوانی دژی شەڕ لە سەرتاسەری جیهان پەیوەست دەبین.

ئەمڕۆ ئێمە یەك دەنگ ڕادەگەێنین کە کرێکارانی جیهان هاو ئاهەنگ لەگەڵ ئەوەین و دەنگی نارەزایەتی خۆمان بە گوێی جیهانی سەرمایەداری دەگەێنین و ڕادەگەیێنین کە ئێمە کرێکاران خوازیاری ژیانێکی باشتر و شیاوی ئینسانین. ئێمە ڕادەگەیێنین کە کار بۆ هەمووان، ئاسایش بۆ هەمووان، بیمەی کرێکاری بۆ هەمووان، ماڵی گونجاو بۆ هەمووان و خوازیاری کۆمەڵگایەکی بەرابەرین کە تێیدا هەواڵێك لە برسییەتی، چەوساندنەوە و شەڕ نەبێت.

کرێکاران!

لە وڵاتی ئێمە ئەمساڵ لانی کەمی حەقدەست ١٢٢٥٠٠تمەن دیاری کراوە و ئەم ڕادەیە تەنانەت ناتوانیت کرێ خانویەکی نیشتەجێ بوون بدات. ئێمە دەبێت چۆن سکی خۆمان و بنەماڵەکەمان تێر بکەین کاتێك لە کۆمەڵگایەك دا کە ئێمە دەژین ئەم هەموو هەژاری و ڕۆژرەشیە هەیە، بۆ چی دەبێت کەسانێك بە تاوانی دزی و گیرۆدە بوون بە مەوادی موخەدێر بخرێنە زیندان لە حاڵێکدا کە هەر زیندانییەك لە ڕۆژدا ٢٠٠٠٠تمەن خەرجی هەیە؟ بۆچی بەرپرسان بە جێگای ئەم بودجە یەکجار زۆرە کە لە زیندانەکان دا خەرجی دەکەن، لە بیری باشتر کردنی ژیانێکی سالم دانین، ئەم بودجەیە هی ئێمەیە،

ئێمە کرێکاران ئەمڕۆ یەك دەنگ ڕادەگەێنین نە دادگامان دەوێت و نەزیندان. ئێمە کرێکاران خوازیاری هەڵوەشانەوەی سێ لایەنە بووین و خوازیاری دوو لایەنە گەراین. لە لایەکەوە دەوڵەت و خاوەنکار و لە لایەکی ترەوە کرێکار. ئێمەی کرێکار خوازیاری دادگایەکین ئەویش لە ژێر چاودێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە ئامادە بوونی هەیئەت مونسێفەی کرێکاری هەتا بە شیکایەتی ئێمە کرێکاران دژ بە دەوڵەتەکان لە سەرتاسەری جیهان رابگات.

ئێمە کرێکاران خوازیاری ماف بەرابەر بۆ ژنان و پیاوانین.

ئێمە کرێکان خوازیاری دانی حەقدەستی وەدواخراوی کرێکاران هاوکات لەگەڵ قەرەبوو کردنەوەیەن. دەوڵەت دەبێ کۆتایی بە بەدوادا چوونەوەی کرێکاران بێنیت و ئێمە کرێکاران داوا دەکەین کە موقاوەلەنامەی ١٠٤بەڕێوە بچێت.

ئێمە کرێکاران وێڕای ئیدانە کردنی هێرش بۆ سەر کرێکارانی خاتون ئابادی کرمان، خوازیاری دادگایی کردنی بەرێوە بەرانی ئەم جەنایەتەین. ئێمە کرێکاران خوازیاری ئازاد کردنی دەستگیر کراوەکانی ئەووەڵی مانگی مەی ٢٠٠٤ین. ئێمە کرێکاران خوازیاری بەستنی پەیمانی بە کۆمەڵ لە ژێر چاودێری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆمانین. ئێمە کرێکاران لە خەباتی تەواوی کرێکارانی جیهان پشتیوانی دەکەین.

کرێکارانی بەرێز!

بۆ ئەوەی کە بەم داخوازییانە بگەین، دەبێت ڕێکخراوی خۆمان پێك بێنین. ڕێکخراوی زەرد وەکوو خانەی کارگر و

⟸

شوورا ئیسلامییەکانی کار ناتوانن پشتیوانیمان لێ بکەن، چونکوو ئەم ڕێکخراوانە سەر حیزبی جمهوری ئیسلامین. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا ناوەڕۆکی ئەم ڕێکخراوانە بۆ هەموو کرێکاران روون بۆتەوە و ئاشکرایە. من لێرەدا وەکوو وتەبێژی کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوی کرێکاری لە تەواوی کرێکاران و ئەو کەسانەی حەقدەست وەردەگرن داوا دەکەم هەتا بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆ لە دەوڵەت و حیزبەکان هەوڵ بدەن. دەوڵەت تەنیا مافی سەبت کردنی ئەم ڕێکخراوانەی هەیە. هیوادارم شاری سەقز بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوی کرێکاری یەکەمین شاری ئێران بێت.

جارێکی تر ئەووەڵی مانگی مەی لە تەواوی کرێکارانی جیهان، ئێران و کوردستان پیروز بایی دەکەم.

دوای کۆتایی هاتنی قسەکانی مەحموودی ساڵحی دەنگی شادی و خۆشحاڵی خەڵك بە رادەیەك بووە کە دڵی تەواوی بەرپرسانی خستۆتە لەرزە. خەڵك بە تێکرا هاواریان کردووە، مەحمود، مەحمود، مەحمود، و هەموو بەشدار بووانی ژن و پیاو لە جێگای خۆیانە هەستاون و دیوارێك لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشیان پێك هێناوە. کاتێك بەرپرسانی شار دەبینن کە مەحمود تا ئەو رادەیە لە نێو خەڵکی شاردا خوشەویستە بە دڵەڕاوکێوە داوایان لە دوستانی مەحمود کردووە هەتا بێن و بڵێن داوا لە خەڵك بکات کە هێور ببنەوە.

کاتێك کە خەڵك لە سالونەکە دەهاتنە دەرێ لە حەوشەی ساڵۆنەکەدا چاوەڕوانی مەحمود و هەیئەتی هاوڕێ یان دەکرد، کاتێك کە بەرپرسی هێزی ئینتزامی چاوی بەم جەماوەرە کەوتووە و مەحمودیش لە نێو کرێکاران دا بووە بۆ ئەوەیکە وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە، زۆر بە ڕێزەوە داوا لە مەحمود دەکات کە خێرا بە ماشین ئەم شوێنە بە جێ بهێڵێت هەتا خەڵکی بڵاوەی بکەن.

# چەند دیمەنێك لە خەباتی کرێکاران لە ئاستی جیهان دا

رۆژی ١١ی گولاَن نزیکەی ٣هەزار کرێکاری ژن کە بەکرێکارانی "تایبەت" ناسراون خوپیشاندانێکیان لە شاری "کەڵکەتە"ی هێند وەڕێ خست. کرێکارانی خوپێشاندەر خوازیاری بەرەسمییت ناسینی پیشەکەیان لە لایەن دەوڵەت، دانی مافی بیمە بە خۆیان و منداڵەکانیان و هەروەها پشتیوانی دەوڵەت لە کرێکارانی "تایبەت" بوون.

رۆژی ١١ی گولاَن هەزاران کرێکاری ئەندام لە ٥ ئیتتحادیەی نەتەوەی و ١٠٠ ئیتتحادییەی کرێکاری نێپاڵ وێرای خوپیشاندان پشتیوانی خۆیان لە کرێکارانی شەریکەی" تیکلام " کەبریارە بدریتە کەرتی تایبەت (بەشی خسوسی) دەربری.

رۆژی ١١ی گۆلاَن دەیان هەزار کرێکاری خەڵکی مالیزی لە خۆپیشاندانێکی بەربلاَودا دژ بە جیهانگیری سەرمایە دورشمیان دا. خوپیشاندەران بە دانی دورشمیی "جیهانگیری سەرمایە قاتلی مافەکانی کرێکارانە"ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە دانی بەشەکانی دەرمانی و گواستنەوەی ئاو لە ولاَتی مالیزی بە کەرتی تایبەت دەربڕی.

رۆژی چوارشەممە ١٤ی گولاَن زیاتر لە ١هەزار کرێکار و بنەماڵەکانیان لە بەردەم شەریکەی ماشێن سازی "ئەم جی رور" لە شاری "لانگیبریچ"ی ئینگلیس خوپیشاندانێکیان وەڕێ خست.

جێگای باسە دوا بە دوای وەرشکەستە بوونی بوونی ئەم شەریکەیە ٥هەزار کرێکار بیکار کران. رۆژی جومعەی ١٢ی گولاَن کرێکاران و فەرمانبەرانی شەریکەی فڕۆکەوانی بەشی تورك نشینی ولاَتی قێبرێس مانیان گرت. ئەم مانگرتنە لە ناڕەزایەتی بە زیاد نەکردنی حەقدەستی کرێکاران و فەرمانبەرانی ئەم شەریکەیە بەڕێوە چوو.

رۆژی دوشەممە ١٢ی گولاَن کرێکارانی بەشی دابەش کردنی ئاو لە شاری بەغدا لە ناڕەزایەتی بە هەلاَواردن لە دانی حەقدەستی کرێکارانی ئەم بەشە، دژی بەر پرسانی دەوڵەتی و گەندەڵی ئیداری خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست.

رۆژی سێ شەممە ١٣ی گولاَن سەدان کرێکاری پاکستانی لە ناڕەزایەتی بە لە سەرکار دەرکرانی یەکێك لە ڕێبەرانی ئیتتحادییە کرێکارییەکانی پاکستان لە شاری "ئیسلام ئاباد" دەستیان دایە خۆپیشاندان. ئەم خوپیشاندانە کەوتە بەر هێرشی پۆلیس و لە ئاکام دا یەکێك لە ڕێبەرانی ئیتتحادییە کرێکارییەکان و ٦٠کرێکاری تر لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران.

رۆژی شەممە ١٧ی گولاَن و بە پێی بانگهێشتی ئیتتحادییەی " ئامیکاس" گەورەترین ئیتتحادییەی کرێکارانی بەشی خسوسی ئینگلیس، هەزاران کرێکاری بەشەکانی خزمەتگوزاری، بازەرگانی و ئیداری ئینگلیس خۆپیشاندانێکیان لە شاری لەندەن بەرێوە برد. خۆپیشاندەران خوازیاری چوونە سەرەوەی حەقدەستەکان، یارمەتیدانی دەوڵەت بەو کرێکارانەی کە گیروگرفتی ماڵییان هەیە و نوێ کردنەوەی قەراردادەکان بوون.

رۆژی شەممە ١٧ی گۆلاَن کرێکاران و فەرمانبەرانی فڕۆکە خانەی "ناپل" لە ئیتالیا مانیان گرت. چوونە سەرەوەی حەقدەستەکان، نوێ کردنەوەی قەراردادەکان و بارودۆخی باشتری کاری لە خواستەکانی مانگرتووان بوون.

رۆژی دوشەممە ١٩ی گولاَن هەزاران کرێکاری بەشی رستن و چنین لە ولاَتی بلژیك دەستیان دایە مانگرتن. چوونە سەرەوەی حەقدەستەکان، بارودۆخی باشتری کاری و پشتیوانی دەوڵەت لەو کرێکارانەی کە بێکار دەکرێن لە داواکارییە کانی مانگرتووان بوون.

رۆژی ١٧ی گولاَن هەزاران کرێکاری شەریکەی "تلکام" ی تایوان لە نارەزایەتی بە بڕیاری دەولەت سەبارەت بە دانی ئەم شەریکەیە بە کەرتی تایبەت (بەشی خسوسی) مانیان گرت و وێڕای گەمارۆدانی دەفتەرەکانی ئەم شەریکەیە خوازیاری پاشگەر بوونەوەی دەوڵەت لەم بڕیارە بوون.

رۆژی ٢٠ی گولاَن ٢٣٠ کرێکاری شەریکەیەکی بەرهەم هێنانی جل و بەرگ لە ولاَتی تایلەند دەستیان دایە مانگرتن. کرێکارانی ئەم شەریکەیە کە خەڵکی ولاَتی "بێرمەن"، لە رۆژدا لەبەرانبەر ١٠ساعەت کار تەنیا ١ دۆلاری ئامریکا حەقدەست وەردەگرن.

٨ساعەت کار لە رۆژدا و چوونە سەرەوەی حەقدەستەکان لەداوا کارییەکانی کرێکارانی مانگرتوو بوو.

رۆژی سەشەممە ٢٠ی گولاَن کرێکارانی بەشی ڕێگای ئاسنی ئیتالیا بۆ ماوەی ٢٤ سەعات مانیان گرت. کرێکارانی مانگرتوو خوازیاری چوونە سەرەوەی حەقدەستەکان، نوێ کردنەوەی قەراردادەکان و بارودۆخی باشتری کاری بوون.

رۆژی چوارشەممە ٢١ی گولاَن مانگرتنێکی سەراسەری بە بەشداری کرێکارانی بەشەکانی خسوسی و دەوڵەتی، بەشی گەیاندن و گواستنەوەی زەمینی، هەوایی و دەریایی، هەواڵنێران، رۆژنامەوانان و کرێکارانی بەشی پیشەسازی لە ولاَتی یونان بەڕێوە چوو. ئەم مانگرتن لە گەڵ پشتیوانی هەزاران کەس لە خەڵکی یونان بەرەوڕووبوو لە ناڕەزایەتی بە سیاسەتە ئابوورییەکان و سیاسەتە دژی کرێکارییەکانی دەوڵەت بەڕێوە چوو.

رۆژی پێنج شەممە ٢٢ی گولاَن کرێکارانی بەشی ڕێگای ئاسنی ئیتالیا بو جارێکی تر مانیان گرت. سەندیکاکانی کرێکاری ئیتالیا وێرای پشتیوانی لەم مانگرتنە رایانگەیاند کە لە داهاتوودا کرێکارانی بەشی فڕۆکەخانەکان، میواندارەکانی شەریکەی فڕۆکەوانی ئیتالیا، کرێکارانی بەشی گەیاندن و گواستنەوەی شارەکان و کرێکارانی بەندەرکانیش بەم مانگرتنە پیوست دەبن. سەندیکاکانی کرێکاری ئیتالیا خوازیاری زیاد کردنی ١١١ یۆرۆ بە حەقدەستی مانگانەی کرێکارانن لە حالێکدا کە دەوڵەت تەنیا ئامادەیە ٩٥یۆرۆ بە حەقدەستی کرێکارەکانی زیاد بکات.

رۆژی جومعە ٢٣ی گولاَن فەرمانبەرانی ٨ هێڵی فڕۆکەوانی رایانگەیاند کە لە نارەزایەتی بە سیاسەتی دژی کرێکاری خاوەنکارانی شەریکەکانی فڕۆکەوانی ئامریکا مان دەگرن. ئەم مانگرتنە کە لەلایەن فەرمانبەرانی شەریکەی "یوناتێد ئێیر لاین" وە دەستی پێ کرد لە ناڕەزایەتی بە زیاد نەکردنی حەقدەستەکان و بردنە سەرەوەی ئاستی خانەنشینی و زیاد نەکردنی حەقدەستی خانەنشینەکان بەڕێوە دەچیت.

رۆژی یەکشەممە ٢٥ی گولاَن سەدان کرێکاری مێسری کە لە ولاَتی ئۆردۆن کار دەکەن لەبەردەم باڵوێزخانەی مێسر لە شاری "ئەممان" تشتحی ئۆردۆن خوپیشاندانێکیان وەڕێ خست. ئەم خوپیشاندانە لە ناڕەزایەتی بە توندوتیژی پۆلیسی ئۆردۆن لە دژی کرێکارانی مێسری بەڕێوە چوو کە رۆژی ٢١ی گولاَن لە شاری "ئەربەد" لە باکوری ئوردون کەوتنە بەر هێرشی پولیس.

هەر لەم ماوەیەش دا ڕێپێوانی ١٢ هەزار کرێکاری ئەندام لە بزوتنەوەی کرێکارانی بێ زەوی لە برێزیل درێژەی هەبوو. ئەم مانگرتنە لە رۆژی ١ی مەیەوە دەستی پێ کرد و وابڕیارە کە کرێکارانی خۆپیشاندەر لە شاری "برازیلیا" وێڕای خۆپیشاندان، ئەم ڕێپێوانە کۆتایی پێ بێنن. دابین کردنی خانوو بۆ کرێکاران لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم خۆپیشاندانە بوو.

***

# خۆپیشاندانی جەماوەری لە وڵاتانی جیهان

**١١ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە نەیارانی شەر و نەیارانی جیهان گیری سەرمایە لە شاری "نیۆیۆرك" ی ئامریکا لە ناڕەزایەتی بە دانیشتنی نوێنەرانی ولاَتانی جیهان لە بواری چەکی ناوەکی لەم شارە.

**١٣ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی زیاتر لە ١ هەزار هەواڵنێر و رۆژنامەوان لە ولاَتی نێپال لە دژی بەرتەسك کردنەوەی بواری هەلسوورانی هەواڵنێران و رۆژنامەوان لەم ولاتە.

**١٤ی گولاَن:**

- خۆپیشاندانی سەدان خوێندکاری زانکۆی بەغدا لە ناڕەزایەتی بە کوژرانی یەکێك لە خویندکارانی ئەم زانکویە بە دەستی گروپە تێرۆریستەکان.
- خۆپیشاندانی سەدان کەس لە ژنان و پیاوانی بەرابەری خواز لە ئەفغانستان بو پشتیبوانی لە مافەکانی ژنان و مەحکوم کردنی کوژرانی ٣ ژنی بیانی کە لە دامەزراوەیەکی فریاکەوتن خەریکی کار بوون ولە لایەن گروپە تێرۆریستەکانەوە کوژرا بوون.

**١٧ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی نەیارانی شەڕ و پشتیوانانی ماف مرۆڤ لە ولاَتی هۆلەند لە ناڕەزایەتی بە سەردانی جۆرج بوش سەرۆك کۆماری ئامریکا بو ئەم ولاَتە.

**١٩ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی سەدان کەس لە ژنان و پیاوانی بەرابەری خواز لە ولاَتی کووەیت سەبارەت بە پەسەندکردنی یاسای بەشداری ژنان لە هەڵبژاردنەکان و بەرەسمییەت ناسینی مافە سیاسیە کانی ژنان.

**٢٤ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە خەڵکی ولاَتی کۆرەی باشور لە دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئامریکا خۆپیشاندران خوازیاری کۆ کردنەوە و بردنە دەرەوەی چەکەناوەکیەکانی ئامریکا لە کورەی باشور بوون.

**٢٥ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە خەڵکی ولاَتی ژاپۆن لە دژی خرووری نیزامی ئامریکا لەم ولاَتە. خۆپیشاندران خوازیاری چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ژاپۆن بوون.

**٢٦ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی سەدان کەس لە نەیارانی شەڕ لە شاری "ئادانای" تورکییە لە دژی هەبوونی بۆمبی ناوەکی ئامریکا لە پایەگای "ئینجرلیك" خۆپیشاندەران خوازیاری بردنە دەرەوەی چەکەکانی ناوەکی ئامریکا لە تورکیە بوون.

**٢٤ی گولاَن:**

خۆپیشاندرانی خوێندکاران و لاوان لە ولاَتی یونان لە دژی هێرشی پۆلیس ئەو ولاَتە بۆ سەر خۆپیشاندرانی خوێندکاران لە زانکۆی "پولی تەکنیك" لە ئاتن.

**١٨ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی هەزاران ژن لە شاری ئەسکەندەرییە "میر". خۆپیشاندەران خوازیاری ئیسلاحاتی سیاسی و هەڵوشاندنەوەی حاڵەتی نا ئاسایی لە "میر" بوون.

**١٩ی گولاَن:**

خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە خەڵکی روسیە لە شاری مۆسکۆ لە ناڕەزایەتی بەسەردانی جۆرج بوش سەرۆك کۆماری ئامریکا بۆ ئەم ولاَتە.

**٢٦ی گولاَن:**

- خۆپیشاندانی هەزاران کەس لە خەڵکی بۆلیوی لە شاری "لاپاز" پێتخەخت ئەم ولاَتە و چەندشاری تر. خۆپیشاندەران خوازیاری میللی بوونی نەوت و گازی بولیوی بوون.
- خۆپیشاندانی ژنان و پیاوانی بەرابەری خوازی کووەیت لە بەردەم پارلمانی ئەم ولاَتە. پارلمانی کویت لە ژێر گوشار و خەباتی جەماوەری ئەم ولاَتە یاسای بەشداری کردنی ژنان لە هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد.

# لە سەر کار دەرکردنی ٥٠ کرێکاری شارەداری مەهاباد

بەرپرسانی شارەداری مەهاباد دوابە دوای ئیمزا کردنی قەراردادی سپی لە لایەن کرێکارانەوە ٥٠ کەس لە کرێکارانی بەشی خزمەتگوزاری ئەم ئیدارەیان لە سەر کارەکانیان دەرکردوە. کرێکارانی لە سەر کار دەرکراوی شارەداری مەهاباد کە زۆربەیان ٥تا ١٥ ساڵ پێشینەی کاریان هەیە لە ناڕەزایەتی بەم کردەوەیەی خاوەنکاران خۆپیشاندانیان لە بەر دەم بینای شارەداری و خانەی کارگەری ڕژیم لە شاری مەهاباد بەڕێوە بردووە و خوازیاری پێڕاگەیشتنی بەرپرسانی رژیم بە گیرو گرفتەکانیان بوون.

# خۆکوژی کچ و کوڕێکی لاو لە ئاوایی "سارو قامیش"ی سنە

شەوی شەممە ٣ی گولاَن کچێك بە ناوی "نەسرین" لە ئاوایی ساروقامیشی سنە، خۆی دەسوتێنێت و رۆژی چوارشەممە ٧ی گولاَن لە نەخۆشخانەی تەوحیدی سنە گیانی لە دەست دەدات. هۆکاری ئەم کردەوەیەی نەسرین دژایەتی بنەماڵەی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەریەتی لەگەڵ کوڕێکی ئامۆزای بووە. دوابەدوای ئەم کردەوەیەی "نەسرین" ، "خەبات" ئامۆزای ناوبراو کە خەریکی تێپەڕ کردنی سەربازی بووە بە گوللەی چەکەکەی خۆی کۆتایی بە ژیانی دێنێت.

بە مجۆرە نەسرین و خەباتیش بە کۆمەڵی هەزاران قوربانییەك پەیوەست بوون کە لە ماوەی دەسەلاَتدارییەتی کۆماری ئیسلامی دا بونەتە قوربانی بیروبۆ چوونی رزیو و دواکەوتووانە.




ن: برتۆلت بڕشت
و: بێستون

ئاخاوتنی کرێکاری وشیار
کێیە، ئەم کەسە بناغەی شاری حەوت
قاپی "تب ١" ی دانا،
مێژوو هەرباسی سەربردەی پاشا،
خەلیفە و ئیمپڕاتورانە
ئەرێ! ئایا ئەوان بوون گابەردیان لە
سەرشان و یاهۆ دانا و "بابل ٢"ی‌یان
خاپوور کرد.
کێ بوو. ئەرێ کێ بوو سەر لە نوێ
بونیاتی نا ؟
ئەوانەی کە شاری رازاوەی "سیما ٣"
یان هەڵچنی
بوو بە پرسیار، خۆیان لە کام ساباتا
ئەژیان،
ئەو شەوەی کە دیواری بەرزی "چین٤"
هاتە کۆتایی
خێڵی مەزنی بونیاتنەران بەرەو کوێ
ڕۆیی ؟
ڕۆمی گەورە و شکۆدار،
زۆر وزەبەند تاقی "نوسرەت ٥"
کێ بوو ئەوانی خوڵقاند ؟
قەسرەکان بەرووی کێ دا کرانەوە
بۆ "بیزانس ٦" بوو!
کە بە سروود و ئاواز، بە سەدان جار
وەسف کران.
تەنیا کۆشك وتەلارێ بوو؟
لەم شوێنە هەوارێکی تر نەبوو؟
ئەوشەوەی کە رەهێڵەو رێژنەو تەرزە
"ئاتلانتیس ٧" سەربردەکانی لە
زەریای بێ بندا هێنایە لەرزە
لەم شەوەش دا کاتی ترس ومەرگیش
هەمیسان، کۆیلەکان سامناك کران،
زەبەلاحی سەرکەش، نوقمی گەردەلوول
ورەهێڵە و تەرزە کرا
ئەسکەندەری هەرزە،
کە "هێندی" لە ژێر سمکۆڵی ئەسپی
سەرکەشی خۆی دا کەوی کرد.
ئایا، هاورێیەك نە بوو ؟
قەیسەر کەدەڤەری "گل٨" یان
لە ژێرپێی سوارانی خۆی دا رماند،
ئایا نەبوو مەڵحەمێ ؟
تەنانەت کەسێکیش خوانی پێنەدا ؟
کاتێ "ئارمادا٩"ی غوولی دەریاکان
هاتە رۆخی دەریا
"راسپانی" غروری تێك شکان
فیلیپی پاشا لە سۆزی خەزانی خۆی
داگریا
بەڵام ئایا خوڵقێنەران ئەسرینێکی یان
نەبوو.
فیلیپی دووهەم خاچ بەدەست
حەوت ساڵ راپسکان و سەرکەوتن
حەوت ساڵ راپسکان و سەرکەتن
ئایا کەسێ لەم ململانیێ‌یەدا رۆڵی
نەبوو؟
هەر لاپەرەیەکی مێژوو رازاوەیە بە سەر
کەوتنێ
چ کەسێ خوانی سەرکەوتووانی
ئەرازاندەوە؟
دەساڵ جارێك، پیاوێکی مەزن لە
مێژوودا دەرئەکەوت
بەڵام کێ بوو ئەوەی توێشووی رێگای
داین ئەکرد.
پرسیار، پرسیار، هەمووی وتە،
هەمان پرسیار ؟

(ژێرنووسەکان)

١_ (تب) کە (تبس) و (بتای) شی پێ ئەڵێن یەکێك لە شارەکانی یۆنانە کە کادمۆس بونیاتی ناوە و لە بەسەرهاتە کۆنەکانی یونانی دا نوێنگەی بەرزی ئودیپە و لەو سەردەمەدا ٧ دەروازەی هەبووە.

٢ – (بابل) شارێکی دێرینی نێوان دوو رووبارە کە پاشماوەکانی لە رۆخی رووباری فورات و لە ١٦٠ کیلۆمتری باشووری رۆژهەڵاتی بەغدا هەڵکەوتووە. ئەم شارە لە ساڵی ٢١٠٥ی پێش زایین دروست کراوە و هەرچەند چەندین جار وێران بوە بەڵام هەتا سەردەمی سلوکیان یەکێك لە شارە گرینگەکانی رۆژهەڵات بوە.

٣_ (لیما) پێیتەختی وڵاتی کۆماری پێرویە و کەوتۆتە زنجیرە چیای (ئاند) و هەتا بەر لە هێرشی ئیسپانیا لە سەدەی شانزدەهەم ناوەندی گەورەی شارستانییەتی ئینکاکان بوە. ئینکاکان خۆریان بە ئیمپراتوری خۆیان ئەزانی و ئالتون بەلای ئەوانەوە سەرچاوەی هەموو خشل و زێوێك بوە.

٤_ دیواری چین یەکێك لە دیاردە سەرنج راکێشەکانی جیهانە و تاکە دروستکراوەیەکە کە لە هەسارەی مانگەوە دەبیندرێ. ئەم دیوارە لە لایەن "شی هوانگ" ئیمپڕاتوری چین لە سەدەی سێهەمی پێش زایین دا دروستکراوە کە تێکرای خەڵکی وڵاتی چینی دایەبەر کار و تەنانەت نووسەران و هونەرمەندانیشی پەلکێش کرد تا بیرازێننەوە، بەرزی‌یەکەی ٧/٥ متر و پانایی ئەم دیوارە بەرادەیەکە کە ٦ سوار دەتوانن بێ گرفت بەسەری داتێپەر بن. لە لایەن ٩٠٠هەزار سەربازەوە پاسەوانی دەکرا. دروست کردنی بینای ئەم دیوارە ١٨ساڵی خایاند.

٥_ رۆمی‌یەکان داهێنەری منارە و گومبەزو تاقی تەلارەکان بوون و پاش ئەم سەرکەوتنانەی بە دەستیان دێنا تاقی نووسرەتی گەورەیان لە شارەکاندا دروست دەکرد.

٦_ بیزانس، پێتەختی ئیمپراتوری رۆمی شەرقی بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ٣٣٠تا ٣٩٥ میلادی دا بونیات نرا و دواتر لە جەرگەی رووداوە مێژووی‌یەکانی قوستەنتەنیە و ئیستامبول دا ناوی گۆرا.

٧_ ئاتلانتیس، شاری دێرین و ئەفسووناوی کە زانایان لە سەر ئەو بڕوایەن کە لە ئاوەکانی زەریای ئەتڵەس دا و لە رۆژئاوای دالآنی کێوی (تارق) دا، نوقم بووە.

٨_ "گل" ناوی لە مێژینەو دێرینی دەڤەری فرانکها کە ئەمرۆکانە بە فەرانسە ناسراوە

٩_ "ئارمادا" ناوی پاپۆرێکی شکاوی گەورەی ئیسپانیایە کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ئیسپانیا لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ دا حیسابی بۆ دەکرێ، بە نوقم بووی "ئارامادا" دەوڵەتی ئینگلیس توانی شکست بە ئیسپانیا بدات.



# خەباتی مۆعەلیمان بوگەیشتن بە داخوازی یەکانیان لە شارەکانی ئێران درێژەی هەیە

لە ماوەی ١٥رۆژی رابردوودا موعەللیمان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران وەکوو باقی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا لە خەبات لە بەرانبەر رژیمی ئیسلامی دا رانەوەستان و چەندجار دەستیان دایە مانگرتن و خۆپیشاندان.

لە رۆژی ١٢ی گولان دا نزیکەی ٢هەزار کەس لە موعەللیمانی ژن و پیاو لە شارستانی دێزفوڵ وێرای خۆپیشاندان لە بەردەم ئیدارەی فیر کردن و بارهێنان رژیم لەم شارە خوازیاری دانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراوی خۆیان بوون. ئەم خوپیشاندانە سێهەمین خۆپیشاندانی موعەللیمان لە مانگی گولان دا بوو.

هەر لەم رۆژەدا و لەشارستانی کاشانیش سەدان کەس لە موعەللیمان ئەم شارە خۆپیشاندانێکیان بەرێوەبرد و خوازیاری پێڕاگەیشتن بەداواکارییەکانیان لەوانە دانی حەقدەستی وەدواخراوی موعەللیمان، بەرێوە بردنی نیزامی هاوئاهەنگی حەقدەستەکان، چارەسەری گیروگرفتی خانووبەرەو بیمە بوون.

هەر لەم روژەدا خۆپیشاندانی زیاتر لە یەك هەزار موعەللیم لە شاری تاران دوای سێ رۆژ کوتایی پێ هات. موعەللیمانی ئۆستانی تاران لە رۆژەکانی ١٠،١١و ١٢ی گولان دا لەبەردەم مەجلیسی رژیم خوپیشاندانیان وەرێ خست و داواکارییەکانی خۆیان لەوانە بەرێوە بردنی نیزامی هاو ئاهەنگی حەقدەستەکان، بەرێوە بردنی گەڵاڵەی چونەسەرەوەی ئاستی موعەللیمان، پێکهێنانی شوورای باڵای نوینەرانی موعەللیمان لە تەواوی ئاستەکان دا و دانی ماف و مەزایای وەدواداخراوی خۆیان بە گوێی بەرپرسانی رژیم گەیاند.

–خۆپیشاندانی موعەللیمانی تاران لە رۆژی ١٨ی گولانیش – موعلیمانی حەق التدریس بو چەندەمین جار لەم ماوەیەدا خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم مەجلیسی رژیم بەرێوە بردو و خوازیاری ئێستخدامی خۆیان بوون.

هەروەها رۆژی یەکشەممە ٢٥ی گولان موعەللیمانی شارەکانی ئۆستانی تاران بۆ جارێکی تر لە بەردەم مەجلێسی رژیم خۆپیشاندانیان وەرێ خست و رایانگەیاندکە لە ئەگەری پێڕانەگەیشتن رانەگەیشتن بە داواکارییەکانیان بەردەوام خۆپیشاندانی خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر درێژە پێ دەدەن.

جێگای باسە موعەللیمان لە سەرتاسەری ئێران لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا دەیان جار بە مانگرتن و خۆپیشاندان ناڕەزایەتی خۆیان سەبارەت بە کەمتەرخەمی رژیمی ئیسلامی بەداواکارییەکانیان نیشان دا، بەڵام بەرپرسانی رژیم سەرەرای وادەو بەڵێنی درۆ بەکردەوە هیچ هەوڵێکیان بۆ چارەسەری گیرو گرفتەکانی موعەللیمان نەداوە.

زۆربەی موعەللیمانی ئێران لەگەڵ گیروگرفتی نەدانی حەقدەست و مەزایای چەندین مانگی خۆیان بەرەورون و بەرپرسانی وەزارەتی فێرکردن و بار هێنانی رژیمیش نەبوونی بودجەی پێویستیان کردۆتە بیانوویەك بۆئەوەیکە مافەکانی موعەللیمان نەدەن.

# کوژران و بریندار بوونی ٢٩کەس بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچە سنوری یەکانی ئێران و عێراق

لە ماوەی ١مانگی رابردوودا بە هۆی تەقینەوەی مینی پاشماوەی شەری دواکەوتووانەی ئێران و عێراق و هەروەها مینی چێندراو لە دەوروبەری رەبایەکانی رژیم لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، ٨ کەس گیانیان لە دەست داوە و ٢١کەسی تریش بریندار بوون.

زۆرترین ریژەی کوژران و بریندار بوون خەڵکی مەدەنی دەگریتەوە روداویك کە رۆژی سێ شەممە ٣٠ی خاك لێوە لە شاری ئیلام رووی دا، لە ئاکام دا ٥کەس گیانیان لە دەست داو ١٥کەسی تریش بریندار بوون کە ٨کەس لە بریندارەکان منداڵی کەمتر لە ١٥ساڵ تەمەن بوون.

هەروەها رۆژی یەکشەممە ٤ی گولان کەسێك بە ناوی "رەحیمی رەحمانی" خەڵکی ئاوایی" ئاسن ئاوای" مەریوان، رۆژی جومعە ٩ی گولان کەسێك بەناوی "رحیمی یوسفی" خەڵکی ئاوایی "هاوزارا"ی بانە و چەند رۆژ دواتریش کەسێك بە ناوی "هادی" لە شارستانی سەردەشت بە هۆی تەقینەوەی مین لە دەوروبەری رەبایەکانی رژیم گیانیان لە دەست داوە.

جگەلەمانە هەر لەم ماوەیەدا لە ئاواییەکانی "ماموخی سنە"، "قەرەموسالو" لە میاندواو،"دوێسە" لە سنە و "بغوی" لە سەردەشت بە هۆی تەقینەوەی مین لە دەوروبەری رەبایە چۆڵ کراوەکانی رژیم ٦ کسی تر بریندار بوون.

جێگای باسە ئەگەرچی تەقینەوەی مین و پاشماوەکانی شەری کونەپەرەستانەی ئێران و عێراق لە هەر سالێکدا دەبێتە هۆی کوژران و بریندار بوونی سەدان کەس لە خەڵکی ناوچە سنووەییەکانی ئێران و عێراق، بەڵام رژیمی ئیسلامی لە کۆکردنەوەی ئەم تەقەمەنییانە خۆ دەپارێزێت و لە هەڵسووڕانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی کە لەم بورادا چالاکییان هەیە پێشگیری دەکات.

شایانی باسە لە ماوەی ساڵانی رابردوودا دامەزراوەکانی مرۆڤدۆست چەند جارداوایان لە رژیمی ئیسلامی کردووە کە دەرفەتیان پێ بدات تا مینی چێندراو لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و عێراق کۆبکەنەوە، بەڵام رژیمی ئیسلامی ئیجازەی ئەم کارەی بە وان نەدا و خۆشی هیچ هەنگاوێك بو کوکردنەوی ئەم تەقەمەنییانە نادات.

رژیمی ئیسلامی لەماوەی تەمەنی دەسەڵاتی رەشی خۆیدا جگەلەوەی کە ژیانێکی پڕ لە مەینت و ئازاری بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش پێك هێناوە، بەهەر شێوەیەك کە بوی بکرێت دەیهەوێ خەڵکی کوردوستان کە لەم ساڵانەدا لە بەرانبەر ئەم دوڵەتە فاشیستی یەدا خۆراگریان لە خۆیان نیشان داوە لەمەترسی و دڵەراوکێ دابژین.

# خۆپیشاندانی کرێکارانی کارخانەی "شاهۆ"ی سنە

کرێکارانی کارخانەی "شاهۆ"ی سنە رۆژی پێنج شەممە ١٥ی گولان لە ناڕەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای وەدوا خراوی خۆیان و هەروەها گیروگرفتی ئەم کارخانەیە دەستیان داوەتە خۆپیشاندان.

خاوەنکارانی کارخانەی شاهۆ ٤مانگە حەقدەست، مەزایا و جێژنانەی کرێکارانیان نەداوە و لە کردەوەیەکی رانەگەیێندراو دا ٥٥ کەس لە کرێکارانی قەراردادی کاتی ئەم کارخانەیان لە سەر کارەکانیان دەرکردووە.

هەروەها حەقدەستی ٢٣ کرێکاری تری قەراردادی کاتی ئەم کارخانەیە نەدراوە و ماوەیەك لە مەوبەریش "تاهێری" مودیر عاملی کارخانەی شاهۆ بۆ ماوەی ٢ مانگ و نیو ئەم کارخانەیەی داخستووە.

بەرپرسانی رژیم لە شاری سنە لەوانە ئۆستانداری، ئیدارەی ئیتلاعات، ئیدارەی کار و باری کۆمەڵایەتی و ئیدارەی پیشە سازی و کانەکان ئاگاداری گیروگرفتی کرێکارانی کارخانەی شاهۆ هەن بەڵام تا ئێستا هیچ هەوڵێکیان سەبارەت بە چارەسەرکردنی گیروگرفتی کرێکارانی ئەم کارخانەیە نەداوە.

شایانی باسە کە لە م ساڵانەی دواییەوە تا ئێستا ٤٠٠ کرێکار لە کارخانەی شاهودا خەرێکی کار بوون بەڵام ئێستا کە ٨٠ کرێکار لەم کارخانەیە کاردەکەن و ٣٢٠کرێکار تر لە سەرکارەکانیان دەرکراون.

****

پێشڕەو

## "خانەی کارگەر" و "شوورا ئیسلامییەکانی کار" دەبێ هەڵوەشێنەوە.

ئەو کەسانەی کە هێرشیان کردۆتە سەر هەئیەتی دامەزرێنەری سەندیکای کرێکاران "شیرکەتی واحد" دەبێ سزا بدرێن

کرێکاران!

رۆژی ٨٤/٢/١٩ سەدان کەس لە دەست و پێوەندەکانی خانەی کارگەر و شووڕا ئیسلامییەکانی کار هەر وەکوو لەشکری مەغۆل بە عەربەدەکێشان هێرشیان کردۆتە سەر هەیئەتی دامەزرێنەری سەندیکای کرێکارانی "شیرکەت واحدی ئۆتۆبوس رانی" و سەرەرای حوزووری هێزەکانی ئینتزامی، درگا و پەنجەرەی ئەو شوێنەیان شکاندووە، کەل و پەلەکەیان تالآن کردووە و ئەندامانی هەیئەتیان داوەتە بەر لێدان و یەکێك لەوانیان بەناوی "مەنسوری ئۆسانلو"یان بە چەقۆ بریندار کردووە.

"حەسەنی سادقی " دەبیری کانونی باڵای شووڕاکانی ئیسلامی کار ئەم کردوە وەحشیانەیەی وەکوو "بەرگری لە بنەماکانی شووڕای ئیسلامی کار" ناوزەد و کردووە.

ناوبراو راستی وتوو، لە راستی دا ئێستا ئیتر"بەرگری لە بنەماکانی شووڕای ئیسلامی کار" تەنیا بە چەقۆ کێشی دەکرێت. دوای رسوا بوونی گەورەی خانەی کارگەر و شووڕاکانی ئیسلامی کار لە رێ و رەسمی ئەووەڵی مانگی مەی ئەمساڵ و کەڵك وەرگرتن لە کرێکاران وەکوو ئامرازێك بۆ تەبلیغی هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری، جگە لەمەش چاوەروان نەدەکرا کە بەرێوە بەرانی ئەم رێکخراوانە بێئابڕووبوونی خۆیان هەرچی زیاتر بە سەر کرێکاران دا بشکێننەوە و لە رێگای ئەزییەت و ئازاری هەڵسووراوانی کرێکاری قەرەبووی بکەنەوە.

کرێکاران!

هێرشی بێ بەزییانە و وەحشییانەی خانەی کارگەر و شووڕاکانی ئیسلامی کار بۆ سەر هەیئەتی دامەزرێنەری سەندیکای کرێکارانی "شیرکەت واحد" ئێمە زیاتر لە جاران شێلگیرتر دەکات تا وێڕای مەحکوم کردنی ئەم کردەوە دژی کرێکارییەی بەکرێگیراونی سەرمایە، ئەم دواکارییانەی خوارەوە گەلاڵە بکەین و بانگەوازی تەواوی ئێوەش بکەین تا بۆ وەدیهاتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە خەبات بکەن:

١_ "خانەی کارگەر" و "شووراکانی ئیسلامی کار" وەکوو رێکخراوی دەوڵەتی و ئیدئۆلۆژیك کە تەنانەت بە پێی مقاوەلەنامەی ٨٧ی رێکخراوی جیهانی کاریش ناتوانن رێکخراوی کرێکاری بە حیساب بێن، دەبێ هەڵوەشێنەوە.

٢_ تەواوی کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییە کرێکارییەکان دەبێ ئەم کردەوە دژی کرێکارییە راشکاوانە مەحکوم کەن و ئەم رێکخراوانە بخەنە پەراوێز و دەریان کەن.

٣_ سەبەب کاران و دەست پێوەندەکانی هێرش بۆ سەر هەیئەتی دامەزرێنەری سەندیکای کرێکارانی "شیرکەت واحد" کە هەموویان لە بەرێوە بەرانی ناسراوی خانەی کارگەر و شووڕاکانی ئیسلامی کارن و دەبێ دادگایی بکرێن و سزا بدرێن.

کومیتەی هاو ئاهەنگی بۆ پێکهێنانی رێکخراوی کرێکاری

١٣٨٤/٢/٢١

## ٩٣کوژراو ٥٦ بریندار لە روداوەکانی شوێنی کار لە ماوەی ١ مانگ ونیوی رابردوو لە ئێران

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە شێوەی رۆژانە و تاك وتەرا لە راگەیێنەرەکانی ئێران دا بڵاو دەبنەوە و بە پێی ئامارەکانی یەك مانگ و نیوی رابردوو لە ئاکامی روداوەکانی شوێنی کار لە ئێران ٩٣ کرێکار گیانیان لە دەست داوە و ٥٦ کرێکاری تریش بریندار بوون.

– ئامارەکان لە ١٥ی خاکەلیوە تا ٢٩ی گولآن ١٣٨٤ ئامادە کراوە –

زۆرترین روداوی شوێنی کار لە ئێران لەم ماوەیەدا بەشی بیناسازی بووە کە تییدا ٣٤ روداو روی داوە و بوتەهۆی کوژرانی ٥١ کەس و بریندار بوونی ١٢کەس تر. لە بەشی شیشەسازی دا ٢٠ رووداو رووی داوە کە لەئاکام دا ١٨کەس کوژران و نزیکەی ٣٨کەسی تریش بریندار بوون.

هەر لەم ماوەیەدا ٤رووداو لە کانەکانی ئێران رووی داوە کە لەئاکام دا ٣کەس کوژران و کەسێکیش بریندار بووە.

بەم پێیە شاری بوشێهر بە ١٢ رووداو، تاران بە ٩رووداو و ئیسفهان بە ٤رووداو و مەترسی دارترین شوێنەکانی کریکاری رووداو، ئێران لەم ماوەیە دا بوون.

دابین نەکردنی ئیمکاناتی ئیمەنی شوێنی کار لە لایەن خاوەنکارانی قازانج پەرست، نەبوونی چاوەدێری بەسەر شوێنە کرێکارییەکان، ئیستاندارد نەبوونی شوێنی کار و گەلێك هۆکاری تر بۆتە هۆی چوونە سەرەوەی رێژەی روداوەکانی شوێنی کار لە ئێران و لە هیچکام لەم روداوانەدا خاوەنکاران وەکووسەرەکی ترین هۆکارەکانی رووداوی شوێنی کار بە حیساب دێن.

هەڵبەت بوو ترێت کە زۆر رووداوی شوینی کار هەیە کە لە شارە دووردەستەکانی ئێران دا روودەدات کە هیچکات لە هیچ شوێنێك باسی لێوە ناکرێت، بۆ وێنە سالی ١٣٨٣، ٧کرێکاری ناوەندێکی شکاندنی بەرد لە شاری "مەلایر" لە ئۆستانی هەمەدان بە هۆی گیروەدە بوون بە نەخۆشی "سێلکۆز" کە هۆکارەکەی تۆزی بەردە، گیانیان لە دەست داو و هەواڵی مەرگی ئەم کەسانە تا کۆتایی ئەم ساڵە لە هیچ شوێنێك باسی لێوە نەکرا. یان لە ئاکامی درووست کردنی سەدی گاوشان لە ئێران شارەکانی سنە و کامیاران ١٢ کرێکار گیانیان لە دەست داوە کە بە دەگمەن ئەم هەواڵە لە راگەیێنەرەکانی ئێران دا بلاوبۆوە.

رووداوی شوینی کار تاوانی خاوەنکارانی قازانج پەرەستە کە بەبێ دابین کردنی ئەمنییەتی شوێنی کار کرێکاران ناچار بە کار دەکەن و دەبێ هەر بەم تاوانە دادگایی و سزا بدرێن.

***

## ئیعدامی ٢١ کەس و دەرکردنی حوکمی ئیعدام بو ٣٨ کەسی تر لە ئێران لە ماوەی ١ مانگ دا

دەزگای قەزایی رژیمی ئیسلامی وەکوو میژوی دەسەڵات داریەتی رەشی خۆی. لەماوەی ١ مانگی رابردوش دا بەردەوام دەستی دایە بەریوە بردن و دەرکردنی حوکمی دژی ئینسانی ئیعدام لەو ماوەیەدا سەرجەم ٢١ کەس لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئیران دا ئیعدام کران کە ١٢ کەسیان لە بەر چاوی جەماوەر لە سێ دارە دران.

تاوانی قەتڵیان درایووە پاڵ.

هەر لەم ماوەیەش دا حوکمی ئیعدام بو ٣٨ کەسی تریش دەرکراوە کە لە نێویان دا لاوانی ١٨، ٢٠، و ٢١ سال تەمەن بەرچاودەکەوێ.

٣٦کەس لە ئەو کەسانەی کە بە ئێعدام مەحکووم کراون تاوانی قەتڵیان دراوەتەپاڵ و ٤ کەسیشان بە تۆمەتی پیوندی جنسی ئیعدام دەکرین.

لە نیوان ئەو کەسانەش کە بە ئیعدام مەحکوم کراون ژنێك بە ناوی "فاتمە" بە سنەنگسار مەحکوم کراوە. تاوانی ئەم ژنە قەتڵ و پیوندی جنسی راگەیێندراوە.

لە ماوەی ١ مانگی رابردوودا ٢ زیندانی سیاسی بە ناوەکانی ئیسماعیلی مۆحەممەدی و حوجەتی زمانی بە ئێعدام مەحکوم کراون.

هەروەها دەزگای قەزایی رژیم لەم ماوەیەدا ٢ کەسی بە تاوانی دزی بە پەڕاندنی دەست مەحکوم کردووە.

ئێعدام، سەنگسار، بڕینی ئەندامانی لەش و تەواوی ئەو حوکمانە کە بە پێی یاساکانی ئایینی لە لایەن رژیمی ئیسلامییەوە دەردەچن حوکم گەلێکی دژی ئینسانین و رژیمی ئیسلامی بە بێ لەبەرچاوگرتنی بە داواکارییەکانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەردەوام لە حالی پەرەپێدانی ئەم کردەوە دژی ئینسانییانەیە.

جێگای باسە کە رژیمی ئیسلامی بە پێی ئامارەکانی ناوەند نێونەتەوەییەکان یەکێك لەو ولآتانەیە کە بەردەوام بەرێوە بردنی حوکمی ئێعدام تێیاندا بەرێوە دەچێت.

شایانی باسەکە هەرکات کە بزووتنەوەی جەماوەری وجم وجۆڵی خەڵکی لە دژی رژیمی ئیسلامی پەرەدەستێنێت رژیمی ئیسلامی لە بەرێوە بردن ودەر کردنی حوکمی ئێعدام وەکوو ئامرازێك بو پێکهێنانی کەش و هەوای ترساندن و تۆقاندن کەڵك وەردەگرێت وجەنایەتەکانی ئەورژیمە لە ماوەی تەمەنی رەشی دەسەڵاتی دا باشترین بەڵگەیە بوسەلماندنی ئەم راستییە.

## چەند گۆشەیەك لە خەباتی خوێندکاران

خوێندکارانی ئێران لەم دواییانە دا دەیان جار لە ناڕەزایەتی بە بارودۆخی زانکۆکان و پێدانە گە یشتنی بەرپرسانی رژیمی ئیسلامی بە داواکارییەکانیان بە مانگرتن و خۆپیشاندان نارەزایەتیخۆیان دەربڕی.

رۆژی دوشەممە ١٢ی گولآن خوێندکارانی زانکۆی "مالك ئەشتەری" ئیسفە هان لە ناڕەزایەتی بە نەبوونی ئیمکاناتی ئاسایشی لە خابگاکانی ئەم زانکۆیە لە بەردەم بینای ئەم زانکۆیە دەستیان دایە خۆپیشاندان.

رۆژی سێ شەممە ١٣ی گولآن خوێندکارانی" واحیدی تەفرشی زانکۆی ئەمیر کە بیری تاران" دوای ٣رۆژ کوتاییان بە تەحەسونی خۆیان هێنا. ئەم تەحەسونە لە ناڕەزایەتی بە نەبوونی ئیمکاناتی ئاسایشی بەڕێوە چوو.

هەر لەم رۆژەدا خوێندکارانی زانکۆی زانستی پزشکی مەشهە دیش لە ناڕەزایەتی بە مەعلووم نەبوونی داهاتووی پیشەیی خۆیان خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم دەفتەری بەرپرسی زانکۆ بە ڕێوەبرد. رۆژی یەکەشەممە ١١ی گولآن خوێندکارانی زانکۆی زانستی پزشکی "شیهری کورد" خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم ئۆستانداری ئوستانی مەرکەزی وەرێ خست و خوازیاری دەست لە کارکێشانەوەی ٢ کەس لە بەرپرسانی ئەم زانکۆیە پێ بوون.

رۆژی دوشەممە ١٩ی گولآن خوێندکارانی زانکۆی فێردۆوسی مەشهد لە ناڕەزایەتی بەنەدانی وام بە خوێندکاران لە رۆیشتن بۆ سەر کەلاسەکانی دەرس خۆیان پاراست و لە بەردەم بینای ناوەندی ئەم زانکۆیە دەستیان دایە تەحەسون.

رۆژی سێ شەممە ٢٠ی گولآن خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئاشتیانی لە ناڕەزایەتی بە نەبوونی ئیمکاناتی ئاسایشی و هەروەها زۆرە ملی بوونی کەڵك وەرگرتن لە چارشێو لەم زانکۆیە دا خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست.

هەروەها خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئاشتیان سەبارەت بە گەڕان بە کەل وپەلی شەخسی خوێندکارانی کچ لە لایەن بەرپرسانی زانکۆوە ناڕەزایەتی یان دەربڕی.

رۆژی پێنج شەممە ٢٢ی گولآن خوێندکارانی زانکۆی زانستی پزشکی تاران وێڕای ناردنی نامەیەك بۆ بەرپرسی زانکۆ خوازیاری چوونە سەرەوەی حەقدەستی ئەو هاوکارانە بوون کە لە نەخۆشخانەکانی سەربە زانکۆی زانستی پزشکی خەریکی کارن.

هاوکاری نە خۆشخانەکانی زانکۆی زانستی پزشکی لە مانگ دا تەنیا ٩٠هەزار تمەن حەقدەست وەردەگرن.

رۆژی ٢٤ی گولآن خوێندکارانی زانکوی ورمێ لە ناڕەزایەتی بەنەدانی خۆراکی گونجاو بە خوێندکاران شەقامی سەرەکی ئەم زانکۆیەیان بەست.

رۆژی چوارشەممە ٢١ی گولآن زیاتر لە ١هەزار کەس لە خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە وێڕای خۆپیشاندان لە بەردەم زانکو سەبارەت بە گەلاڵەی بەرپرسانی زانکۆ لە سەر جیا کردنەوەی خوێندکارانی کچ و کوڕ و هەروەها زورەملی بوونی لە سەر کردنی چارشێو نارەزایەتییان دەربڕی.

دوا بە دوای نارەزایەتی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە بەرپرسانی زانکۆ بڕیارەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوە و داواکارییەکانی خوێندکارانیان قبوڵ کرد.

خویندکارانی زانکۆی شیشەسازی ئیسفهانیش رۆژی ٢٥ی گولآن لەبەردەم بینای ناوەندی ئەم زانکۆیە و لە نارەزایەتی بە وەرگرتنی خویندکار بە پووڵ، دەستیان دایە تەحەسون.

هەروەها رۆژی دوشەممە ٢٦ی گولآن خوێندکارانی زانکۆی زانستی پزشکی تاران لە ناڕەزایەتی بە هەڵوەشانەوەی یاسای "تەرح" دەستیان دایە تەحەسون.

---

٣٢ کرێکاری شەریکەی "پیلەوئەبریشمی شومال" لە ئوستانی گیلان لە حالێکدا کە حەقدەست و مەزایای چەند مانگی خۆیان وەرنەگرتبوو لە سەرکارەکانیان دەرکران.

٢٥ی گولآن:

- ٥٠٠ کەس لە فەرمانبەرانی زانکۆی فێردووسی مەشهەد لە ناڕەزایەتی بە کەمتەرخەمی بەر پرسانی زانکۆ لە ئاست گیروگرفتە کانیان دەستیان دایە خۆپیشاندان

٢٦ی گولآن:

- ١٥٠کرێکاری شەریکەی "ئێران دۆچەرخ" لە ناڕەزایەتی بە لە سەر کاردەکرانی خۆیان و نەدرانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراویان لە بەردەم خانەی کارگەری قەزوین دەستیان دایە خۆپیشاندان.
- کرێکارانی شەریکەی ئاوا ئاوەرەوی خورشار لە نارەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای وەدواخراویان وەرنگرتووە.
- کرێکارانی شەریکەی "نازنەخ"ی قەزوین بو چەندەمین جار لە ناڕەزایەتی بە نەدرانی ١٦ مانگە حەقدەست و مەزایای خۆیان لە بەردەم خانە کارگەری ئەوشارە دەستیان دایە خۆپیشاندان.
- ١٢٠ کرێکاری شەریکەی "چیت سازی" بەهشهر لە نارەزایەتی بە پێڕانەگەیشتن بەر پرسانی رژیم بەداواکاریەکانیان لە بەردەم فەرمانداری ئەو شارە دەستیان دایە خۆپیشاندان.

٢٧ی گولآن:

٣٠ کرێکاری شەریکەی مۆرغ داری "دێرەفشان"ی قەزوین لە لایەن خاوەنکارانەوە لە سەر کارەکانیان دەرکران.

- مانگرتنی کرێکارانی شەریکەی ئاو وئاوەڕۆی خۆرەمشەهر بۆ چوارەمین رۆژی خۆی درێژەی هەبوو.

وەحشیانە دەکەوێتە بەر هێرش و "مەنسووری ئوسانلو" لە هەڵسووڕاوانی ئەو سەندیکایە دەکەوێتە بەر لێدان وئازار و دەگوازرێتەوە بۆ بیمارستان. هەروەها تەواوی کەل و پەل و شت و مەکەکانی دەفتەری ئەو سەندیکایە لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمەوە تالان دەکرێ.

لە شاری سنە ٦ کرێکاری کارخانە بە تۆمەتی بشێوی لە کارخانە دەستگیر دەکرێن کە هیچ هەواڵێك لە چارەنووسیان لە دەست دانییە.

کرێکارانی خەباتگێر!

رژیمی کۆماری ئیسلامی و خانە وشووڕای ئیسلامی "کارگەر" بە درێژایی تەمەنیان هەر ئەو هەڵس و کەوتەیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و هەڵسووڕاوەکانی کردووە، چاوەڕوانییەکی زیاتر لەوە خۆشباوەڕییەکی بێ جێیە، چارەی ئێمە پشت بەستن بە هێزی خەباتی خۆمانە. خەباتی بێوچان لە دژی رژیم و بەکرێگیراوە جەنایەتکارەکانی دەبێ بە پشت بەستن بە یەکگرتن و یەکپارچە بوونی خۆمان ببەینە پێشێ و ناچاریان بکەین کە پاشەکشە بکەن.

بۆ ئەوکارە تەنیا چارە ئەوەیە کە رێکخراو بین و تەشەکولی چینایەتی و سەربەخۆی کرێکاران بە هێزی خۆمان پێك بێنین و لە بەرامبەر دەست درێژی و زوڵم و زۆری دەست و پێوەندەکانی رژیمی سەرمایە لە ریزێکی بەربلاو دا بێینە ئاراوە. ئێمە لە هەوڵ و کۆششی هەڵسووڕاوانی کرێکاری بۆ پێکهێنانی تەشەککولی چینایەتی و سەربەخۆی کرێکاران پشتیوانی دەکەین و بۆ بەهێزتر کردنی گەرایشی رادیکاڵ و سۆسیالیستی نێو بزووتنەوەی کرێکاری تەواوی هێزی خۆمان دەخەینە گەڕ.

هێرشی وەحشیانەی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە دژی هەڵسووڕاوانی کرێکاری و دەستگیر و لێدان و ئازاری ئەوان لە لایەن خانەی کارگەر و شووڕا ئیسلامییەکان و هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بە توندی مەحکووم دەکەین وئیتتحادییەکانی کرێکاری و ناوەندە نێونەتەوەییەکانی کرێکاران و بیروڕای ئازادیخواز و پێشکەوتن خواز بانگهێشت دەکەین کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادی خێرا و بێ ئەم لاوئەولای کرێکارە دەستگیر کراوەکان و دابین کردنی ئەمنییەتی گیانی هەڵسووڕاوانی کرێکاری بخەنە ژێر زەخت و زۆر.

ئێمە خوازیاری دەرکردنی رژیمی کۆماری ئیسلامی وناوەندەکانی سەربەئەو لە تەواوی ناوەندە نێونەتەوەییە کرێکارییەکانین!

**کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**١٢ای مەی ٢٠٠٥**

پاشماوەی سردێڕی گرێنگ ترین...

* خۆپیشاندانی کرێکارانی شارەداری سوسەنگرد لە بەردەم ئەم ئیدارەیە لە ناڕەزایەتی بە نەدرانی حەقدەست و مەزایای چەند مانگی خۆیان.

* خۆپیشاندانی کرێکارانی "شەریکەی ماشێن سازی ئەراك" و بنەماڵەکانیان لە بەردەم ئۆستانداری ئۆستانی مەرکەزی لە ناڕەزایەتی بە بڕیاری بەرپرسانی کارخانە سەبارەت بە دەرکردنی ژمارەیەك لە کرێکاران لە مالەکانیان.

٢٠ی گوڵان

خۆپیشاندانی کرێکارانی خزمەتگوزاری زانکۆی ئیلاهییاتی تاران لە ناڕەزایەتی بەنەدران حەقدەست و مەزایای ٢ مانگی خۆیان.

* هێرشی دەست و پێوندەکانی خانەی کارگەر و کار بۆ سەر کۆبوونەوەی هەیئەتی دامەزرێنەری سەندیکای کرێکارانی "شیرکەتی واحید" لە تاران.

٢١ی گوڵان

*١٢ کرێکاری شەریکەی چاندن و پیشەسازی شوشتەر لە روداویکی پێك دادانی ماشێن گیانیان لە دەست دا.

* کرێکارانی قەرادادی رێکخراوی ئاگر کوژاندنەوەی ئەراك لە ناڕەزایەتی بە پێرانەگەیشتن بە گیرو گرفتە کانیان لەبەردەم ئەم رێکخراوەیە دستیان دایە خوپیشاندان.

* خۆپیشاندانی کرێکارانی کارخانەی ژمارە٢ی رستن و چنینی کاشان لە ناڕەزایەتی بەنەدرانی ١٢ مانگ حەقدەست و مەزایای خۆیان.

٢٢ی گوڵان

١٥٠ کرێکاری شەریکەی "پرۆفیل پارس" لە خۆرئاوای تاران وێڕای خۆپیشاندان لە بەردەم ئەم کارخانەیە لەمەڕ نەدانی پاداشتی خۆیان ناڕەزایەتییان دەربڕی.

٢٣ی گوڵان

ئەندامانی سەندیکای کرێکارانی شیرکەت واحید"ی تاران لە ناڕەزایەتی بە پێشگرتن بە هەڵسووڕانی ئەم سەندیکایە لە لایەن رژیمەوە دەستیان دا یە خۆپیشاندان.

٢٤ی گوڵان

*کرێکارانی لە سەر کار دەرکراوی شەریکەی "توڕی ماسی گرتن" ی زاهیدان لە بەردەم خانەی کارگەری ئۆستانی سیستان و بەلوچستان خۆپیشاندانێکیان وەڕێ خست.

* کرێکارانی شارەداری شارستانی "خورموج" لە ئۆستانی "بوشێهر" لە ناڕەزایەتی بەنەدرانی حەقدەستی ١ مانگ و جێژنانەی ساڵی رابردوویان دەستیان دایە خۆپیشاندان.

# دۆڵی فەرغانە لە نیو ئاگری باڕووت و بیدەنگی دا دەسوتی!

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١١ی مانگی مەی بەهەزاران کەس لە خەڵکی شاری ئەندیجان کە ٣٢٠هەزار دانیشتووی هەیە لە دۆڵی فەرغانە لە ئۆزبەکستان هەڵکەوتووە، بە کۆبوونەوە لە بەردەرکی دادگای ئەو شارە، خوازیاری ئازاد کردنی ٢٣کەس لەو کەسانەن بوون کە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ یەکێك لە گروپە ئیسلامیەکان دەسگیر کراون.

لەو روەوە کە هەرچەشنە مانگرتن و کۆبوونەوەیەکی دژی دەوڵەتی لەم وڵاتە غەیرە یاسایی و قەدەغەیە، هێزەکانی ئاسایش و نیزامی ناوچەکە کۆبوونەوەکە گەمارۆ دەدەن. سەرەرای رێ و شوێنی توندی ئەمنیەتی، کۆبوونەوەکە هەروا درێژەی دەبێ هەتا لە رۆژی هەینی ١٣ی مانگی مەی دا زیاتر لە ١٥هەزار کەس لە خەڵکی شار ئەم دەرفەتە بۆ خۆیان دەقۆزنەوە و چوونە ناو ریزی خۆپیشاندەران کە لە مەیدانی سەرەکی شار کۆبوونەوەکەی خۆیان لە دژی داپلۆسێنەرانی زاڵ بە سەر ئەو وڵاتەدا رێك خستبوو، درێژە بە خۆپیشاندانەکە دەدەن و گوێ بۆ سوخەنرانییە دژی دەوڵەتییەکان رادەگرن. هێزەکانی ئاسایشی ئەرتەشیش بە هێرش بردنە سەر رێزی ژنان و پیاوان و منالانی بێ دیفاع بە سەدان کەس خەڵتانی خوێن دەکەن.

دوابەدوای ئەوە، خەڵك بۆ کاردانەوە لە بەرامبەر ئەو کوشت و کوشتارەدا راپەڕینێکی جەماوەری وەڕێ دەخەن و سەرەرای داگیر کردنی ناوەندە دەوڵەتییەکان، دەرگای زیندانی شار دەشکێنن و سەرجەم زیندانیەکانی ئەو زیندانە کە ژمارەیان نزیکەی ٤هەزار کەس بووە، ئازاد دەکەن. هەواڵی راپەرین و داگیر کردنی ناوەندە دەوڵەتییەکان بەزوورترین کات لە نێو دانیشتوانی سەرجەم شارەکانی تری دۆڵی فەرغانە دا بلاودەبێتەوە، بە جۆرێك کە شاری سەرسنووری "قەرەسو" هەتا کاتی نوسینی ئەم دێرانە بە تەواوی لە لایەن خەڵکەوە کۆنترۆڵ کراوە و کاربەدەستانی دەوڵەتی لەم شارە وەدەرنراون.

دوابەدوای داگیر کردنی شار لە ماوەیەکی کورت دا پردی نێوان ئەم شارە و قێرقیزستان ساغ دەکرێتەوە و خەڵکی دووك دیوی سنوور وێرای ئەو هامووشۆ و چاوپێکەوتنەی کە بەدرێژایی ساڵانێك لێی بێبەش بوون، لە هەوڵی کردنەوە و پەرپێدانی بازاڕی سەر سنووری نێوان ئەم شارە و وڵاتی قێرقیزستان دان.

دوایین بەڵگەکان دەرخەری ئەوەن کە ئەرتەش وهێزە ئەمنیەتییەکانی رژیمی ئۆزبەکستان سەرەرای گەمارۆی نیزامی _ ئابووری ئەم شارانە، دەستیان داوەتە سەرکوتێکی خوێناوی بە جۆریك کە تەنیا بە تێپەڕ بوونی کات، لایەنەکانی ئەم سەرکوتە خوێناویە رون دەبنەوە.

ئۆزبەکستان کە وڵاتێکی ٢٧میلیۆن کەسییە و لە ئاسیای ناوەڕاست دا هەڵکەوتووە، لەگەڵ وڵاتانی قەزاقستان، تورکەمەنستان وقێرقیزستان، سنووری هاوبەشی هەیە. ئەم وڵاتەش هەروەك زۆربەی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست لە ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆیی خۆی لە دەوڵەتی شۆڕەوی راگەیاند. بەڵام ئەم وڵاتە هەروا لە ژێر کاریگەری رێبەرانی قەدیمی و لە سەرووی ئەوان "ئیسلام کەریموف"دا مایەوە. ئیسلام کەریموڤ سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتە کە لە خولەکانی بە ناو هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی سەرۆك کۆماری دا، هیچ رەکەبەرێکی نەبوو، جێگاو شوێنی پتەوی خۆی لە دەسەڵاتی ئەم وڵاتە دا، لە مەشروعییەتی جەماوەری بە دەست نەهێناوە، بەڵکوو بە هۆی چەند فاکتەرێکی دەرەکی و ناوخۆیی بووە. بۆ وێنە دوای ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ ناوبراو بوو بە یەکێك لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی جورج دابلیوبووش و لە بە ناو خەباتە لە دژی ترۆریسم لە ئاسیای ناوەراست. بە پشت بەستن بەم پەیوەندییانە، ئامریکا توانی پایەگایەکی عەمەلییاتی _ ئیستراتژیك لەم وڵاتەدا بۆ خۆی دروست کات.

ئۆزبەکستان بە هۆی ئەوە کە نەوت و گازێکی زۆری لێ بەرهەم دێ، زلهێزەکان چاوی تەماعیان بریوەتە سەرچاوە سروشتیەکان ئەم وڵاتە بۆ پاراستنی بەرژەوندییەکانی خۆیان چاویان لە ئاست کردوەکانی ئەم دیکتاتۆرە، لە دژی شارۆمەندانی ئەم وڵاتە نوقاندوە. زیندانەکان پڕن لە زیندانی سیاسی و بەردەوام لە ژێر ئەشکەنجەدان، بە جۆرێك کە رێبەرانی ئەم وڵاتە زۆر جار لەلایەن رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی لایەنگری ماڤ مرۆڤ بە هۆی کردەوەی توندوتیژ لە دژی زیندانیان و پێشێل کردنی ماڤ مرۆڤ رەخنەیان لێ گیراوە.

بە چاوخشاندنێك بە سەر هەل ومەرجی ژیانی زۆربەی خەڵکی ئە وڵاتە بومان دەردەکەوێ کە هەژاری، بێکاری، سانسۆر و دەست بەسەر داگرتنی چاپەمەنی و راگەیەنە گشتییەکان، نەبوونی ئازادی سیاسی و قەدەغەبوونی هەرچەشنە چالاکییەکی سیاسی لە دژی دەوڵەت و کۆچ کردنی زۆرێك لە کرێکارانی بێکاری ئەم وڵاتە بۆ وڵاتانی دراوسێ بۆ کار کردن ودەیان گیروگرفتی تر ئاوەڵدوازی ژیانی بەمیلیون کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم وڵاتەیە.

خەڵکی شارەکانی دۆڵی فەرغانە کە روداوەکانی حەوتووی رابوردو لەوێوە دەستی پێکرد، لە بێبەشترین ناوچەکانی ئەم وڵاتەن. بە هۆی ئەم هەل و مەرجەوە رق وتوڕەیی پەنگ خواردوی خەڵکی ئەم ناوچەیە تەقیوەتەوە و بۆتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانێکی سیاسی لەم وڵاتەدا، کە بێ گومان داوێنگیری هاوپەیمانان و پشتیوانانی دەوڵەتی کەریموفیش دەبێتەوە.

لەم نێوە دا هەڵویستە سەرەتاییەکانی رێبەرانی وڵاتانی رۆژئاوایی و بە تایبەت ئەم وڵاتانەی کە بەرژوەندییەکیان لە ئۆزبەکستان دا هەیە، لە پەیوەند لەگەڵ روداوەکانی حەوتوی رابردوو، زۆر سەرسوڕهێنەر و جێگای لێ وردبوونەوەیە.

ئێسکات مەك کلان وتەبێژی کۆشکی سپی دەڵێ: "دەوڵەتی ئۆزبەکستان دەبوایە لە ئەندیجان لە خۆ بوردویی لە خۆی نیشان بدایە". مەبەست لەم قسەیە چییە؟

یانی ژمارەیەکی کەمتری قەتڵی عام کردبایە؟

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "ولایەتە یەکگرتوەکانی ئامریکا بە وردبینییەوە بە شوێن ئەوکەسانەوەیە کە گومانی کردەوەی تروریستییان لێ دەکرێ. بیسەرانی ئەم قسانە چاوەڕێی ئەویان دەکرد کە وتەبێژی کۆشکی سپی کە دەوڵەتەکەی ئەم و ئیدعای پارێزەری تەواوی گۆی زەوی دەکات، خوازیاری مەحاکەمەی بەڕێوە بەران و فەرماندەرانی ئەم کۆشتارو کوشتارە بێ. لە حاڵێکدا کە وتەبێژی کۆشکی سپی بە زمانێکی دیپلۆماتیك ئیجازە نامەی کوشت و کوشتاری زیندانییە ئازاد کراوەکانی دەردەکات و دەوڵەتی ئۆزبەکستانیش بۆ ئەم کارە هان دەدات و ریچارد باچلری وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکاش لە جیاتی دەوڵەت خۆپیشاندەران یانی قوربانیەکانی مەحکوم کرد.

وەزیری کارو باری دەرەوی ئینگلیس رەخنەی لە پێ شێل کردنی ماڤ مرۆڤ گرت و یەکێکی تر لە کار بەدەستانی ئۆروپای وتی: "توندوتیژی خوێناوی نیشانەی بێ حورمەتی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئۆزبەکستان بە ماڤ مرۆڤ و حکومەتی یاسایە". کوشت و کوشتاری بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێدیفاع کە لە نیویاندا ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵیش بەرچاو دەکەوێ، لە فەرهەنگی ئەم ئاغایانە دا بێ حورمەتی بەیاسا!!

وتەبێژانی دەوڵەتی روسیەش ئەم روداوەیان وەکو مەسەلەیەکی نێو خۆیی لە قەڵەم دا.

پرسیار ئەوەیە کە بۆچی کاربەدەستانی ئەم وڵاتانەی کە ئیدعای دیموکراسی و ماڤ مرۆڤ دەکەن، کوشت و کوشتاری هەزاران ئینسانی بێ تاوان و ئاساییییان تەنانەت مەحکومیش نەکرد؟ وەڵامەکەی ئاشکرایە. ئەویش ئەوەیەکە هەر هەموویان لە پاراستنی دیکتاتۆری "ئیسلام کەرێموف" دا قازانج دەکەن، هەتا ئەو جێگایەی کە دەگەرێتەوە سەر ئامریکا، کەرێموف وەکوو یەکێك لە هاوپەیمانانی خۆی حیسابی لە سەردەکات. پایەگایەکی نیزامی لەم وڵاتەدا هەیە و بە وتەی خۆیان لەو پایەگایە بۆ خەبات لە دژی دەولەتی تاڵبان کەڵکیان وەرگرتووە و ئەمرۆکە بۆ خەبات لە دژی ترۆریسم لەم پایەگایە کەڵك وەردەگرن ولەوانەشە لەم وڵاتە دا نیشانەیەك لە ئۆپۆزسیونی ئیسلامی بەرچاو کەوتبێ.

پەروەندە وهەڵوێستی راگەیێنە رۆژئاواییەکان لە رەنگدانەوەی روداوەکانی ئۆزبەکستان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵوێستی کاربەدەستانی ئەم وڵاتانە نەبوو وبۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی "سەربەخۆی" ئەم راگەیێندرانە، کاردانەوەی ئەوان لە سەر روداوەکانی هاوشێوەی ئەم روداوە کە لە دونیادا رودەدەن، لەگەڵ ئەم هەڵوێستەیان هەڵسەنگینن. لەم لێکدانەوەیەدا بە روونی دەردەکەوێ کە ئەوان لە رەنگدانەوەی روداوەکانی تایبەت بەم کوشت وکوشتارە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ روداوەکانی هاوشێوە، بەتەواوی بێدەنگەیان کردوە. رەنگدانەوەی کوشت و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی شارەکانی دۆڵی فەرغانە لە ئۆزبەکستان لەگەڵ روداوەکانی ئۆکراین، لوبنان و قێرقیزستان هەڵسەنگێنن. روداوەکانی ئۆکراین، لوبنان و قێرقیزستان لەو روەوە کە لەلایەن وڵاتانی رۆژئاواییەوە و لە پێناو بەرژەوندییەکانی ئەوان دا و لەلایەن رێکخراوەکانی زانیاری ئامریکاوە رێکخراو بوون. سات بە ساتی روداوەکان لە راگەیێنەرەکانەوە بڵاو دەبونەوە و زۆریەك لەو راگەیێنەرانە سەرەرای دراماتیزە کردنی ئەو روداوانە هەر جۆرێك کە پێیان خۆش بوایە و بەشێوەیەکی لایەنگرانە سات بە ساتی خۆپیشاندانەکانیان بڵاو دەکردەوە. بەڵام خەڵکی بێبەشی ئەندیجان و سەرجەم شارەکانی تری دۆڵی فەرغانە لەبەر ئەوەی کە نەکا رێبەریەکەیان بکەوێتە دەست ئەوگروپانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی رۆژئاوا دانین، دەنگی عەداڵەتخوازی ئەوان بە هیچ کوێیەك رانەگەیشت.

لە شاری ئەندیجان حکومەت نیزامی دامەزراوە، هەرچەشنە هات وچۆیەك بۆ ناوشارو دەرەوەی شار بەتووندی لەلایەن ئەرتەش و هێزەکانی ئاسایشەوە بە تەواوی کونترول دەکرێ. ئەرتەش لە دانەوەی جەنازەی قوربانیان بە کەس و کاریان خۆی دەبوێرێ و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە و پەنایان هێناوەتە سنوورەکانی قێرقیزستان، هەرچەند لە هێڵی سەرسنوور ژمارەیەکیان لە لایەن پاسەوانانی سنوورەکانەوە کوژراون. بە کورتی، هەرچەند راپەڕینی خەڵکی دۆڵی فەرغانە لە لایەن ئیسلام کەریموڤ و لە نێو بێدەنگی وڵاتانی رۆژئاوایی دا سەرکوت کرا، بەڵام بە هۆی هەژاری، بێکاری و سەرکوتی هەرچەشنە دەنگێکی ناڕەزایەتی، لە دژی دەوڵەتی کەرێموف و هاوپەیمانە رۆژئاوایەکانی هەروا بە هێزی خۆی دەمێنیتەوە. گومان لەوە دانییە کە خۆڕاگری ئەم خەڵکە نەتەنیا دەوڵەتی کەرێموف، بەڵکو پشتیوانەکانیشی ناچار دەکات کە دەم بکەنەوە و دان بە مانای راستەقینەی ماڤ مرۆڤ دابنێن.

**فەرهادی شەعبانی**

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: 205 may: 2005

# سەردێری گرینگترین هەواڵە کرێکارییەکانی ئێران

١٧ی گوڵان

٧٠٠ کرێکاری شەریکەی سەددی "سەمیرە دەڕەشەهری" ئیلام لە ناڕەزایەتی بەنەدرانی حەقدەست ومەزایای ٦مانگی خۆیان مانیان گرت.

* خۆپیشاندانی کرێکارانی شەریکەکانی ئاو و ئاوەڕۆی ئابادان و خوڕڕەمشەهر لە ناڕەزایەتی بەندرانی حەقدەست و مەزایای چەند مانگی خۆیان.

* کرێکارانی کارخانەی "شاهۆ" ی سنە لە ناڕەزایەتی بەنەدرانی ٤مانگ حەقدەست و مەزایای خۆیان لە بەردەم ئەم کارخانەیە دەستیان دایە خۆپیشاندان.

* خۆپیشاندانی کرێکارانی شارەداری گورگان لە نارەزایەتی بەندرانی حەقدەست و مەزایایی ٣مانگی خۆیان لە بەردەم شارداری ئەم شارە.

١٩ی گوڵان

خۆپیشاندانی کرێکارانی شەریکەی "نگین کار" ی شیراز لەبەردەم ئەم شەریکەیە لە ناڕەزایەتی بەنەدرانی حەقدەست و مەزایای چەند مانگ و داخرانی ئەم ناوەندە.

ل ٧

# دەقی نامەی مەحموودیساڵحی بۆ گای ڕایدر دەبیریگشتی کۆنفیدڕاسیۆنی ئیتتحادیەکانی ئازادی کرێکاری

ئاغای گای ڕایدیری بەڕێز:

وێرای سپاسیکی دۆستانە لە ئێوە و کۆنفێدارسیۆنی نێونەتەوەیی و ئیتتحادییەکانی ئازادی کرێکاری بەبونەی پشتیوانی تا ئێستاتان لە مافەکانی چینی کرێکاری ئێران.

هەروا کە لە نامەی ٢٦ی ئوکتوبری ٢٠٠٤دا سەبارەت بە رێککەوتننامەی رێکخراوی جیهانی کار لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئاگادار بوون، کرێکارانی ئێران، شوڕاکانی ئیسلامی کار بە رەسمیت ناناسن و لەسەر ئەو باوەڕە نین کە بە ئاڵ و گور پێك هێنان لە یاساکاندا بتوانن شوراکانی ئیسلامی بکەن بەو رێکخراوەی کە جیا لە دوولەت بێت و مافەکانی کرێکارانی بپارێزێت.

هەر لەو نامەیەدا نووسیبوم کە بە رەسمیت ناسینی شورای ئیسلامی لە لایەن رێکخراوی جیهانی کاروە هیچ زەمانەتێك لە خەباتی ئێمە بۆ پیك هێنانی رێکخراوی کرێکاری و سەربەخۆ دورست ناکات.

ئێمە کرێکارانی ئێران بە لەبەر چاوگرتنی هەل و مەرجی دژوار و هەڕشەی یەك لە دوای یەك لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتییەوە دەزانین کە دەبێت بە هێزی خۆمان رێکخراو پیك بینین و ئاگاداری لێ بکەین و بە سەر دەولەت و خاوەنانی سەرمایەداری دابسەپێنین. هەر لەم پیناوەدا ئێمە کۆمەڵێك لە کرێکاران کومیتەیەکمان بە ناوی "کومیتەی هاوئاهەنگی بو پێك هێنانی رێکخراوی کرێکاری "پێك هێناوە کە لەگەڵ پشتیوانی هەزاران کرێکاردا بەرەوڕوو بووە.

ئاغای گای رایدێر!، چینی کرێکاری ئێران بۆ پێك هێنانی رێخکراوی سەربەخۆ و راستەقینەی خۆی لەگەڵ مەحدودییەتێکی یەکجار زۆر بەرەوڕوویە و کۆ کردنەوەی هەزاران ئیمزا لە وەها بارودۆخیك و لە ماوەیەکی ئاوا کەم دا هێزی بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بۆ بەرپا کردنی رێککخراوەکانی راستەقینەی خۆی نیشان دەدات.

ئیستا تەواوی مەیل و بۆچوونی کرێکاری و هەڵسووڕاوانێك کە دژی شوڕاکانی ئیسلامی کار و خانە کارگەرن، بۆ پیك هێنانی رێکخراوی ئازاد وەکو شورا، ئیتحادیە، سەندیکا و هی تر هەوڵ دەدەن.

ئێمە لەم هەڵسوورانە پێشوازی دەکەین و بە بۆچونێکی یەکگرتوخوازانەوە لەگەڵی دا هەڵس و کەوت دەکەین. ئێمە باقی هەڵسووڕاوانی کرێکاری بە مەبەستی هەوڵدان بۆ رێکخستنی کرێکاران هان دەدەین.

کرێکارانی ئێران تەنیا بەم شێوەیە دەتوانن لە سەردەمی گلوبالیزاسیۆن لە مافەکانی پیشەیی، سیاسی، ئینسانی و خەبات کارانەی خۆیان بەرگری بکەن. ئێمە لەم پیناوەدا چاوەڕوانی پشتیوانی کردنی لە کۆنفیدڕاسیۆنی ئیتتحادییەکانی ئازادی کرێکاری و ئەندامانی ئەم رێکخراوەیەمان هەیە. ئاغای گای رایدێر، پشتیوانی کۆنفێدڕاسیۆنی نێونەتەوەیی ئیتتحادییەکانی ئازادی کرێکاری و ئەندامانی لە "کومیتەی هاو ئاهەنگی بۆ پێك هێنانی رێکخراوی کرێکاری "خزمەتە بە چینی کرێکاری ئێرانن".

مەحموودی ساڵحی

وتەبێژی کومیتەی هاو ئاهەنگی بۆ پێك هێنانی رێکخراوی کرێکاری

***





# ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی خەباتگێڕی شاری شنۆ لە دژی جەنایەتیکی تازەی رژیم

ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵکی خەباتگێڕی شنۆ لە دژی جەنایەتێکی تازەی رژیم

رۆژی یەکشەممە ٨٤/٢/٢٥ هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە "ئاسناوی" سەربە شاری شنۆ بە هۆی تەقەکردن لە زەحمەتکێشێکی ناوچەکە بە نێوی حوسێن دەروێشی محەممەدی ١٧ ساڵ تەمەن، ئەو لاوەیان کوشت. لە ناڕەزایەتی بەو کردەوە وەحشییانەیە، خەڵکی خەباتگێری شنۆ رۆژی دوشەممە ٨٤/٢/٢٦ لەو شارە خوپیشاندانێکیان وەڕێ خست. هێزی ئینتزامی رژیم بە پێی رەواڵ هێرشیان کردە سەر ئەو خۆپیشاندانە. لە بەرامبەر ئەو کردەوەیە خەڵکی وەگیان هاتوو لە بەرامبەر هێزەکانی رژیم دەست دەدەنە خۆڕاگری و بەهەر شتێکی کە لە بەردەستیان دادەبێت لە گەلیان دەرگیر دەبن و هێرش دەبەنە سەر ناوەندە دەوڵەتییەکان و لە ئاکام دا زیانێکی زۆریان پێ دەگەیێنن. هەتا گەیشتنی ئەو هەواڵە ژمارەی بریندار و دەستگیر کراوکان مەعلووم نییە.

کۆمەڵە وێرای دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی حوسێن دەروێشی محەممەد و خەڵکی خەباتگێڕی شنۆ ئەو کردەوە جەنایەتکارانەیەی رژیمی ئیسلامی مەحکووم دەکات و داوا لە هەموو کرێکاران و ئینسانە خەباتگێڕو ناوەند و رێکخراوە مرۆڤدوستەکان دەکات کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بەخاتری ئەو جەنایەتە مەحکوم بکەن.

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

٢٠٠٥/٥/١٧

# هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەڵسووڕاوانی کرێکاری مەحکووم دەکەین!

هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەڵسووڕاوانی کرێکاری مەحکووم دەکەین!

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە ئەووەڵی مانگی مەی ئەوساڵ گۆشەیەك لە هێزی گەورەی شاراوەی هێزی خوڵقێنەری کۆمەڵگای بە سەرمایەداری و رژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی کە پەروەندەی رەشی لە ماوەی ٢٧ساڵ دەسەڵاتی دواکەوتووانە هیچ شتێکی حەقخوازانە نەبووە، نیشان دا. هەڵسووڕاوانی کرێکاری و گەرایشی رادیکاڵ لە بڕیارنامەکانی ئەووەڵی مانگی مەی "کەیفەرخاستی" چینایەتی خۆیان لە دژی تەواوییەتی ئەو نەزمە پێچەوانەیەی هاوڕێ لەگەڵ مارشی جیهانی کرێکاران نیشان دا. جم وجۆڵی بزووتنەوەی کرێکاری و نمایشی بەربلاوی ئەو لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە رۆژی ١ی مەی سەردەمدارانی رژیمی کۆماری ئیسلامی، خانەی کارگەر و دەست و پێوەندەکانی ئەوی تووشی وەحشەت و دڵەڕاوکێ کرد و لەم چەند رۆژەی دوایی دا شەپۆلێکی لە دەستگیر کردن و ئازار و ئەزییەتی هەڵسووڕاوانی کرێکاری وەڕێ خستووە.

لە رێکەوتی ٨٤/١/٢٣، "پەرویزی سالاروەند"، هەڵسووڕاوی کرێکاری لە "ئێران خودرۆ" لە لایەن "حەراسەتی کارخانە" وە دەرفێندرێ کە دوای ٢٥ رۆژ دەرکەوت کە بۆ زیندانی "ئێڤین" گۆیزراوەتەوە.

لە رێکەوتی ٨٤/٢/١٠ یەکێك لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری شاری بۆکان بە نێوی "ئیسماعیلی خودکام"، یەکێك لە دەستگیر کراوەکانی رێ ورەسمی ئەووەڵی مانگی مەی سەقز لە لایەن مەئمورەکانی ئیتلاعاتی رژیمەوە دەستگیر دەکرێت و دەکەوێتە بەر ئازار و ئەزییەت.

لە رێکەوتی ٨٤/٢/١٥، "سادقی ئەمیری" هەڵسووڕاوی کرێکاری و هاوکاری "کومیتەی بەدوادا چوونی پێکهێنانی رێکخراوی ئازادی کرێکاری" لە شوێنی کارەکەی لە لایەن مەئمورەکانی ئیتلاعاتەوە دەستگیر دەکرێت کە تا ئێستا هیچ زانیارییەك لە بارەی چاەنووسیەوە نییە.

لە رێکەوتی ٨٤/٢/١٩، شوێنی سەندیکای کرێکارانی شیرکەت واحد لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی و بە کرێگیراوانی خانەی کارگەرو شووڕا ئیسلامییەکان بە سەر پەرشتی "حوسێنی سادقی" (سەرۆکی هەئیەتی مودیرەی شووڕا ئیسلامییەکانی کار)، "ئەکبەری عیوزی" (یەکێك لە بەرپرسەکانی خانەی کارگەر) و باقی مەئموجەنایەتکارەکانی رژیم بەشێوەیەکی

بڕوانە ل ٧

## دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران:

جومعە بەیانیان ٨ تا ٩ شەوانە: ٢١ تا٢٢

شە پولی کورت ٧٥، ٦٥ و ٤٩ میتر

## دەنگی شۆرشی ئیران (رادیۆ کۆمەڵە):

نیوەرۆ: ١٣ تا ١٤ ئیواران: ١٩ تا ٢٠ شەوانە: ٢٢ تا ٢٢/٣٠

شەپولی کورت رەدیفەکانی: ٧٥ میتر بەرابەر بە ٣٨٨٠ کیلۆهێرتز

## نوینەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات

k.k.
p.o.Box 75026
Box: 750 26 uppsala - Sweden
Tel/Fax: 46- 18- 46 84 93
e-mail: komala@cpiran.org

## نوینەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عیراق

Add: Sulimania- Rezgary
Tel: 3124760 - 3125815:
E-mail: Komalah@hotmail.com

## دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

C.D.C.R.I
BOX 70445
107 25 Stockholm- Sweden
Tel/Fax: 46- 08- 86 80 54
e-mail: cpi@cpiran.org

ئینترنت:
www.komalah.org سایتی کۆمەڵە
www.Radiokomaleh.Com
www.cpiran.org

## کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

Add: Sulimania- Zerguez
Tel:
0044707- 7520- 781
0044707- 7567- 855
Fax: 00447043129273
E-mali: Komalah@komalah.org

## پیشڕەو

ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران

## ئێدیتۆر:

ئیبراهیم عەلیزادە